# (سەروا)ی

# چ بکەم؟، چی بکەم؟، چ بکا؟

# لە

# شیعری شاعیراندا

## ئامادەکار/ زریان سەرچناری ٢٠١٨

### پیاداچوونەوە ٢٠٢٤

**سەروا: بە ئینگلیزی: ((Rhyme، بە عەرەبی:( قافیة ) بریتییە لەو دەنگە لێکچووانە کە لە کۆتایی دوو وشە یان زیاتر لە شیعردا دووبارە دەبنەوە، بە مەرجێک ئەو دەنگانە بەشێک لە وشەکان بن و واتای سەربەخۆ نەگرن. زۆرتر لە کۆتایی باڵەکان یان بەیتەکانی شیعر و ستراندا دێت، بۆ وێنە لە ئەم دێڕە شیعرە دا:**

**"بەدەربەدەری یان لە ماڵی خۆم**

**لە خاکی عەرەب، لە ئێران و ڕۆم"**

**وشەگەلی "خۆم" و "ڕۆم" سەروان.**

**ناوەکانی تر: لە زمانی کوردیدا بۆ وشەی سەروا ئەم ناوانەش بەکار دێت: بەشاوەند، بەشاڤەند، پاشبەند، پاشۆڵ، پاشڵ، قافییە.( ویکیپیدیا)**

**سەروادار: السجع**

**سەروادر: گونجان و یەکبوونی دوو بڕگەیە لەپیتی کۆتایی وشە چاکتریشی ئەوەیە بڕگەکانیان یەکسان بن. (بەهاری ڕەوانبێژی/ موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی)**

**سەروادار: ئەوەیە کە دوو هەڵوێسی پەخشان یا پتر لە سەر یەک پیت یا پتر بوەستن، سەروای هەڵوێستەکان وەکوو سەروای هۆنراوە وایە، ئەوەندە هەیە لە هۆنراوەدا دەبێ کێشیشیان یەک بێت بەڵام لە پەخشاندا مەرج نییە. (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا؛ بەرگی ٢/عەزیز گەردی)**

## (١) مەحوی (١٨٣٦-١٩٠٦)

به نووری باده کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چ بکەم؟
بـه شـەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم، چ بکەم؟
لـه خـەزنەی دڵـمدا هەرچی هەیە، هەر داغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم، چ بکەم؟
لـەگەڵ دەستی مەلا رێ نـاکەوێ زوننـاری زولفی یار
وەکوو(شێخ) ئیختیاری مەزهەبی(تەرسا)نەکەم، چ بکەم؟
لـه رێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم، چ بکەم؟
دەمێکـه شـاری پـڕشۆری مەحەببەت مـات و خامۆشە
بە قـانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم، چ بکەم؟
لە چاوا، نم نەما بۆ گریە، نۆبەی سوجدە بەردەریە
سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم، چ بکەم؟
لە سەر تۆم دوشمنە دنیا، قەزییەم (مانع الجمع)ـە
کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم،چ بکەم؟
بەجێ ماوم لە یاران، نابەجی ماوم، ئەجەل! زوو بە
بە مردن لەم قسووری ژینە ئیستیعفا نەکەم، چ بکەم؟
ئەوا لەیلا بە رۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا (مەحوی)!
هەتـا قـامی قیامەت، ئاهـ و واوەیلا نەکەم، چ بکەم؟

❊❊❊

ئەری دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵڕەنگت لە گوڵ چ بکا؟!
کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لە چڵ چ بکا؟
کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە
نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چ بکا؟!
بە ئاهم گەر ڕەقیبانت بسووتێن ئەی گوڵی ڕەعنا
مەڕەنجە، تو خوا شوعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا؟!
هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەرێنێ چاو
عەرەق ڕێتن نەبێ، شەخسی لە کاری خۆ خەجەڵ چ بکا؟!
سەفەر جائیزنییە، با بۆ حەرەم بێ، لەو بەروبوومە
فەقەت مەجزووبی زنجیری نەسیبی ئاو و گڵ چ بکا؟!
فەلەک هەرگا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە
کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چ بکا؟!
لە عوششاق و ڕەقیب ئەو شۆخە چاوی لوتفی وەرگێڕا
کە ئاسک ئادەمی یا سەگ ببینێ، غەیری سڵ چ بکا؟!
چ حاجەت نەرگسی مەستت بکەم وەسفی بە مەخموری
کە چاوێ سورمەکێشراوی خودایی بێ، لە کل چ بکا؟!
لە هەر جێیەک هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵڕوخان (مەحوی)
ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چ بکا؟!

## (٢)   ناری (١٨٧٤-١٩٤٤)

له فیتنەی نازی غەمزەی چاوی فەتتانی خوا چی بکەم؟
لە ئێشی عەقرەبی زولفی پەرێشانی خوا چی بکەم؟
له سەفحەی ڕوومەتم یەک جێ نەما بێ زەخمی پەیکانی
له حەملەی فەوجی ڕووسی تیری موژگانی خوا چی بکەم؟
به زولفی، سوبحی ڕووی پۆشی کە قیبلەی ئەهلی ئیمانە
لە جەمعی سوبح و شام و کوفر و ئیمانی خوا چی بکەم؟
وەکوو بارامی گۆڕە، تورکی چاوی بۆ نیشانەی دڵ
لە خۆشلێدان و پڕپێکانی پەیکانی خوا چی بکەم؟
له شەودا ماهی ڕووی دەرکەوت و زوو هەڵهات و نەمزانی
لە بێ میهری ڕوخی وەک ماهی تابانی خوا چی بکەم؟
ئەگەر چی شێوەیی شیرینی جەزبی دڵ دەکا هەردەم
لە حەرفی تاڵی لێوی شەککەرئەفشانی خوا چی بکەم؟
هەتاکوو هەڵنەکات بۆ ڕەفعی زوڵمەت شەو چرای کوڵمی
لە ڕەمزی خاڵی شین و لەعلی خەندانی خوا چی بکەم؟
لەسەر سینەی بەئاهی من شکا چینی سەری زولفی
لە پەرژینی شکاوی باغی سێوانی خوا چی بکەم؟
لە دوکانی خەیاڵمدا نەما جنسی غەزەل ئەمڕۆ
له بۆ فەرشی سەریری تەختی ئەیوانی خوا چی بکەم؟
نەخۆشم بێ نەباتی لێوی، من موشکیل نەجاتم بێ
له بۆ ماچی وەکوو دەرمانی لوقمانی خوا چی بکەم؟
له شۆڕشدایە مورغی دڵ، بە ئومێدی نەسیمی گوڵ
له بۆ عەتری غوباری چاکی دامانی خوا چی بکەم؟
دەمێ بۆ من نەبوو سەیری کەناری گوڵشەنی وەسڵی
له بێڕەحمی ڕەقیب و جەوری دەربانی خوا چی بکەم؟

ویسالّی بۆ ڕەقیب و دەردی هیجرانی بە (ناری) دا
لە ڕەسمی بێ وەفایی و عەهد و پەیمانی خوا چی بکەم؟

****

لە دارولحوزنی دووری، ئیختیاری غەم نەکەم چی بکەم؟
بەبێ مەعشوقی شادی، دەس لە مل ماتەم نەکەم چی بکەم؟
ڕەئیسی تاقمی بەدبەختی سەختی کێشی ئەییامم
وەکوو وەحشی لە زومرەی ئەهلی عوشرەت ڕەم نەکەم چی بکەم؟
کە ئاهی سینە وەک جۆشی سەماوەر بێ لە جونبوش دا
لە جێگەی چا لە دڵما خوێنی چەرگم دەم نەکەم چی بکەم؟
نەبوو بۆ من دەمێ غونچەی سرووری گوڵشەنی وەسڵت
لە خارستانی هیجرت خاری میحنەت جەم نەکەم چی بکەم؟
بیابانی فیراقت وادییەکی گەرم و بێ ئاوە
قەناعەت گەر بە ئەشکی ئاتەشی گریەم نەکەم چی بکەم؟
موشەوەش بوو بە مەشرووتەی ئەلەم ئەوقاتی ئێرانم
بە سالاری خەیاڵت فیکری دەفعی غەم نەکەم چی بکەم؟
لە شوعلەی ئافتابی تەلعەتت یەک مانگە مەحرومم
لە ژێر باری غەما پشتم هیلالی خەم نەکەم چی بکەم؟
دڵم وەک ئاش و دەردم ئاشەوانە بۆ مزەی میحنەت
سرووشکی دەمدەمی چاوم، بەسەیلی چەم نەکەم چی بکەم؟
لە بۆ میعراجی وەسڵت بێ بوڕاقی پڕتەوی لوتفت
لە کولبەی میحنەتی عەزمی حزوورت کەم نەکەم چی بکەم؟
عرووسی فیکری (ناری) زێوەری تەحسینی مەحموودە
بەبێ زێوەر دەسا بووکی تەبیعەت زەم مەکەم نەکەم چی بکەم؟

## (٣) نەدیم

له تۆماری نەهاتی بەختی ئەزەل چ بکەم؟
لە چوونی ڕۆح و نەهاتی ئەجەل چ بکەم؟
بە غەیری تاڵی نەمدیوە دەوایە هەبێ بۆ دەردێ
کە مەی نەبێ لە شیرینی عەسەل چ بکەم؟
کە دی ڕەقیب شیعرم مەتحی جوانی یارە
وتی من غەزالم هەبێ لە ڕەوانی غەزەل چ بکەم؟
بە یارم وت کە دڵ جێتە فەرمووی تەماشا ئەم شێتە
لە بەیتی پڕ لە ئەحزان و خاپور و بێ عەمەل چ بکەم؟
تەشریفت بێنە کەلامت تەبشیری بۆ مە هێنابێ
دەسا زوبە ئەجەل تخوا لەم ژینە بێ ئەمەل چ بکەم؟

## (٤) قانع (١٨٩٨-١٩٦٥)

### نەکەم چی بکەم؟

کە من بۆم دەس نەدا ڕەندی دەسا تەقوا نەکەم چی بکەم؟
ئەسیری زولفی تاتانم، کە واوەیلا نەکەم چی بکەم؟
لە کونجی سۆمعەی زوهدم، هەزاران شێخ شاگردمە
لە شێخ بەدتر هەموو سەرفی قەدی تەرسا نەکەم چی بکەم؟
ئەڵێن مەجنوونێ زوو شەیدا بە باڵای سەوڵی لەیلا بوو
منی شەیدا فیدای باڵات، ئەگەر لەیلا نەکەم چی بکەم؟
نە مەحویم تا کە مەحۆ بم، نە نالیم تا بناڵێنم
بە شۆری شیعری شیرینم، فەلەک شەیدا نەکەم چی بکەم؟
لە ئەوسافی سەلاحەددین قەڵەم ماندوو بووە ئەمجا
ئەگەر وەسفی خەرافاتی کوڕی کیسرا نەکەم چی بکەم؟
خەیاڵم وایە بیری دڵ، لە عوودی سینەما دەرخەم
لە بۆ ئەم هۆزە جێماوە، دەنگێ بەرپا نەکەم چی بکەم؟
لە گۆشەی باخی کوردستان هەزار قانع بە بولبول بوو
لە باتی باخەوان ئەمڕۆ، کە خۆم ڕیسوا نەکەم چی بکەم؟

### سۆزی عیشق

لە سۆزی عیشقدا سووتام کەسێ یارم نەبوو جارێ
قوڕی ئەم خاک و سەحرایە بەسەرخۆدا نەکەم چی بکەم؟

# یاری دڵ ڕوبا

دڵم زنجیر ئەکەم ئەمما، لە یاری دڵڕوبا چی بکەم؟
ڕەگم وشکە وەکوو پووشە، لە قووەی کارەبا چی بکەم؟
کە من پێم پڕ لە خاری میحنەتە هەتاکوو بەرئەژنۆم
قەدەم ئەنداز ئەکەم بۆ لات لەگەڵ کەوشی وەسا چی بکەم؟
لە ڕۆژ بێزارم و مەحرەم بە من هەر تاریکی شەو بوو
کە سێبەر هەر ڕەقیبم بێ، لە ڕۆژی ئاشکرا چی بکەم؟
سواری ڕەوڕەوەی مەرگم، ئەچم بۆ بەزمگاهی گۆڕ
ئولاخی عاریەم ناوێ، لە مەیدانی فەنا چی بکەم؟
دەمێ کوژراوی ئەبرۆتم، دەمێ خنکاوی ئەگریجەت
نەبێ تاوێ خەمێکم بێ، لە یاری بێ بەقا چی بکەم؟
بە ئاوی تێغی ئەبرۆت، شۆریا جەور و گوناحانم
لە ڕێوە جەننەتە جێگەم، لە دیوانی جەزای چی بکەم؟
خەیاڵم بوو لەسەر ئەمری برام تەرکی مەعاسی کەم
ئەبینم خۆی ڕیابازە! لە تاعاتی ڕیا چی بکەم؟

# بە جۆشی دڵ

بە جۆشی دڵ ئەگەر ئاور لە دنیا بەر نەدەم چبکەم؟
بـە نووری تۆبـە ڕووی ڕەشم ڕونـاک نەکەم چبکەم؟
دەبـا هەستم هـەتـا ماوم مەدانی چۆڵ و سەحرابم
لە دەروازەی موحەممەد گەردەنی خۆم دانەخەم چبکەم؟
لـە ڕێگەی مـەککە و تـاییف وەکوو سەگ گەر نەلورێنم
لە مەحشەر چونکە بێ نەقدم ئەگەر زاری نەکەم چبکەم؟
مـەدینەی تـۆیە جێگایی دەخالەت یـا ڕەسولولاھ
لەکەم دەستی دڵی من ڕوو لە نەینەوا نەکەم چبکەم؟
مـونـافیق هـەر منم ڕەحمێ بـفەرموو یا ئەبەلقاسم
لە سەر پردی سیراتـا تۆ نەجاتم گەر نەدەی چبکەم؟
ڕەفیقانم مـەڵێن نـاساغـە دەشتی سـا چ تـەدبیـرێ
کە تەدبیریش دەکەن تەدبیری عەفوم بۆ نەکەن چبکەم؟

## چ بکەم؟

به یادی شەمعی ڕوخسارێکی، دڵ ئیحیا نەکەم چ بکەم؟
به شەوقێکی وەها چاری شەوی یەڵدا نەکەم چ بکەم؟
وەکوو مەجنوونی ماڵکاول دەرودەشت بۆتە مەئوای من
له حەیفی عاقڵان خۆم شێتی ڕووی لەیلا نەکەم چ بکەم؟
لە کۆڕی عیشقبازانا نەماوە قەدری ڕۆح و سەر
وەکوو پەروانە بۆ ڕووی ئەو بە ڕۆح سەودا نەکەم چ بکەم؟
دەڵێن یار خاکی بەرپێی سورمەیە بۆ چاومی دێنم
بە کوێرایی ڕەقیبی لامەزەب، ئەی وا نەکەم چ بکەم؟
بەشەرتێ بێتە لام شەرتە سەرم دانێم لەپێناوی
ئەگەر بۆ گاوگەردوون، ڕۆح و سەر ژێرپا نەکەم چ بکەم؟
لە دوری وی گەدام و دێتە لام وەک شا دەبینم خۆم
لە چون و هاتنی، خۆم وەک گەدا، وەک شا نەکەم چ بکەم؟
ئەگەر با بۆنی تۆ بێنێ (ئیمامی) وا دەڵێ گیانە
کە من ڕۆح و سەرم قوربانی ڕێگەی با نەکەم چ بکەم؟

## عەزیزی میسری دڵ

دەڵێن گیراوە ئەوڕۆکە عەزیزی میسری دڵ، چ بکەم؟
لە پاش ئەو من لەگەڵ دڵ، شێت و پێتی وا بەکوڵ چ بکەم؟
ئەوە جوان و جحێڵ و پاک و خاوێن، بۆ چی گیراوە؟
منی پیری پەشیمان و گونەهکار و خەجەڵ چ بکەم؟
نەماوە باغ و ڕاغ و ڕەونەقی سەحرا، خودا مەرگێ
گوڵووکات چوو لەبەر ئەو، من لە دەشتی پڕ چقڵ چ بکەم؟
لە باغێکدا کە گوڵ ڕۆیی بە تاراجی خەزان، جا من
وەکوو بولبول نەسووڕێم داربەدار و چڵبەچڵ چ بکەم؟
گرانە دەردی دووری، بەم لەشە چۆن هەڵگرم یاری
زەعیف و پیر و بێ هێز و قوەت، بێ شان و مل چ بکەم؟
(ئیمامی) هێندی خەم خوارد، عادەتی پێ گرتووە یاڕەب!
دەسوڕێ بێ وچان، گێژە و لە دەردی چەرخ و خول چ بکەم؟

## (٧) هێمن ١٩٢١-١٩٨٦

# بارگەی یاران

دێت و ڕادەبڕێ وەکوو سەروی ڕەوان من چیبکەم؟
کە بەقووربانی نەکەم ڕۆحی ڕەوان من چیبکەم؟
قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسوس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چیبکەم؟
تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆرجوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چیبکەم؟
زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان من چیبکەم؟
ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە لەگەڵ زیندەخەوان من چیبکەم؟
شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی (گەلۆ) و (نیوەشەو)ان من چیبکەم؟
بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چیبکەم؟
ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چیبکەم؟
(سروە) هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چیبکەم؟
ئاو نەبوو ئەو دەمی (هێمن) مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چیبکەم؟

## (٨) هەژار ١٩٢١-١٩٩١
## ئەگەر ئاوها نەکەم چ بکەم؟

له کەرکووکم بە ئاب، ئارەق لەبەر گەرما نەکەم چ بکەم؟
کە بەرچایی بە ماستی شل، بە پیاڵێک چا نەکەم چ بکەم؟
هەموو ڕۆژێ سەعاتێ دوان نەبێ، ئاوی ئوتێل دەبڕن
ئەگەر تەرخی دەموچاو شتن و ئیستینجا نەکەم چ بکەم؟
له حەوت و نیو دەبێ بۆ کار بچم، ڕێم چارەگێک دوورە
له حەوت و چارەگێکڕا شانی بۆ پێدا نەکەم چ بکەم؟
له(دارک ڕووم)ی پڕ هاڵاو و بێن ناخۆش و بێ مەنفەز
ئەگەر چەند تەبع و تەکبیرێکی بۆ (سۆنا)نەکەم چ بکەم؟
له دوازدەی دێمەوە برسیمە ماندووم قرقرەی زگمە
کە ورگی لامەزەب تا مل پڕی شۆربا نەکەم چ بکەم؟
بە ماستاوێکی شین و تامنەدار، یان ئاوە بەفری زۆر
بە دوو هێشوو ترێ، یان گڕکە بۆرێ با نەکەم چ بکەم؟
ئیتر هەر بانگی تەنزیلاتە یان شەربەت بە دوو فلسە
له جێگەی خەو جنێودان، داد و واوەیلا نەکەم چ بکەم؟
سەر ئێوارە دووبارە کارە تا شەو کاتی حەوت و نیو
له باتی سینەما و گەردش بەرەو خەو ڕا نەکەم چ بکەم؟
شمەک هەڵگرتنە بۆ بان و خۆدانە بەعەرزیدا
هەتا خەو دوو قسەی قۆڕیش دەگەڵ شوکرا نەکەم چ بکەم؟

## تەخمیسی (بارگەی یاران)
## هەژار شیعری مام هێمنی تەخمیس کردووە

### ژارگەی ماران

بەربەڕۆچکەش هەیە سەرمامە! شەوان من چ بکەم؟
ئەم مندالآنە کە بێ کراس و کەوان من چ بکەم؟
دڵی بردووم کچەتیوی کەرەوان من چ بکەم؟
دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەرووی ڕەوان من چ بکەم؟
کە بەقوربانی نە کەم ڕووحی ڕەوان من چ بکەم؟

من نە شەرقیم و نە غەربیم و نە ئەمریکی، نە ڕووس
نە موسوڵمانی بەڕاستم و نە جووم و نە مەجووس
پیر و زورهانم و خورپەی دێ دڵم بۆ کچی لووس
قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چ بکەم؟

سەرەلەرزۆک و قۆڵ و چۆکە شل و زگ پەنەماو
لاملم خوارە پشوم سوارە پڕوش و کزە چاوم
چوار پەلم شل بوو لەشیشم بۆتە لانکە شکاو
تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆرجوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چ بکەم؟

بە زگی برسی خەوم نایە هەرچەندە وەرکەوم
ئارەزوم هەر ئەوەیە نانی گەرم بێتە خەوم
وەکی ڕەشکێکی ڕزیو پسپسە گش قەڵف و گەوم
زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان من چ بکەم؟

دم دمی چی؟ ئەوە دوێنێ بوو ئەمن زۆر کەونم
دایکە وای ڕەحمەتی! ئەوسایە کوتابووی تەونم
وشک و ڕەق بومەوە تازە دەگەڕێم بۆ شەونم
ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندە خەوان من چ بکەم؟

خەڵکی پێی وایە لە خۆشیانە هەراو گاڵەم دێ
نا براکەم لە دەستی زاڵمەکانە زاڵەم دێ
ورتەیی کۆنە برینانی دەم ئاواڵەم دێ
شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چ بکەم؟

لە چیایان و لە دەشتان و لە لادێ و شاران
هیچ شتێک ئێستە نەماوە وەکوو جاری جاران
دەوەرە سەیرێ بە ڕۆژی مژ و گۆپاڵ باران
بارگەیان تێکەوە پێچا و بە ڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم؟

دەچمە لای هەرکەسێ بۆ کارێ دەڵێ کوێر و کەڕە
یەک دەڵێ لاچۆ لەبەر چاو ئەوی تر ئێژێ هەڕە
ئەوی بۆم ماوە تەوە چاوی تەڕ و پێستی گەڕە
ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردە پەڕ
پێم نەما تین گوڕ و هێز و تەوان من چ بکەم؟

خۆم وە کوو زەڕنەقوتە و زاڕۆڵەکانیش ڕوتن
حەوتی وام هەن کە دەمی خواردنێ وەک حەو حوتن
دوێنێ ئێواری لە سەربانێ هەڵم خست توتن
(سروە) هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چ بکەم؟

خاڵەباس یادی بەخێر ئەو دەمی داکی مردبوو
هەروەها وشک و برینگ نایە قەبر نەی یشت بوو
دێیەکەی ئێمە هەمووی دێم و تەلان و گرد بوو
ئاو نەبوو ئەودەمی (هێمن) مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چ بکەم؟

❊ ❊ ❊

## (٩) هێرش ١٩٥١-٢٠١٣
## تێهەڵکێشی شیعری (بارگەی یاران)ی هێمن،
## شارگەی یاران

دۆست و یاران کە هەموو سەربەهەوان من چبکەم؟
نە لەمان سیلە نیگایەک، نە لەوان من چبکەم؟
ئەچمە جێژوان بە خەیاڵ، خوێنەرەوان من چبکەم؟
(دێت و ڕادەبرێ وە کوو سەڕوی ڕەوان من چبکەم؟
کە بەقوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چبکەم؟)

بە ڕەوش چەشنی فریشتە، بە بەژن وەک ڤێنووس
بە نەخش جەوهەری جوانیی، دڵەکەم وەک دەسنووس
شۆخی شۆخی دڵی بردم، سەری پیری بەخسووس
(قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چبکەم؟)

یادی ئەو دەورە بەخێربێ کە لە سەر قەولی گراو
دامدەگرت سەنگەری جێژوانی بەچەک دەورەدراو
چ زوو بۆی نامەوە پیری ڕەشەداوی لەناکاو
(تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆرجوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چبکەم؟

تۆ بلێی بێتەوە ئەو ڕۆژە، شەوێ دەربکەوم
بەکرە شۆڤاری دەغەڵ هەڵبکەوێ ڕێی بکەوم
داخەکەم! جەردەیی پیری پەکی خست ڕەوت و ڕەوم
(زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان من چبکەم؟)

چ دەپرسی گوڵەکەم، کوێیە مەکان و کەونم؟
لێک ترازاوە کر و ڕایەڵ و داوی تەونم
زار و بێزار و زەبوون، زەرد و کز و بێ لەونم
(ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندەخەوان من چبکەم؟)

عومرێ پێم وابوو منیش دەوری مەی و پیاڵەم دێ
کوانێ دەمزانی کە ئەو ڕۆژەڕەش و تاڵەم دێ
نییە ڕازدارێ بڵێم گیانە لە چی زاڵەم دێ
(شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چبکەم؟)

دەخولێمەوە ئاوارە و بێچارە لە شاران
دەسناکەوێ یەکڕەنگ بێ ڕەفیقێ وەکوو جاران
بۆ نەگریم ئەمن ئەوڕۆ وەکوو هەوری بەهاران
(بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چبکەم؟)

چۆڵە جێژوان! بگرە و هەلایە شەڕە
لەش هلۆڵە، دڵ کلۆڵە، چاوەکەم سوور و تەڕە
ئەی پەری شادی وەرە تاوێ بە لاما تێپەڕە
(ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕ
پێم نەما تین گوڕ و هێز و تەوان من چبکەم؟)

ماڵیان ئاوابێ ئەوانەی بەوەفا دەبزووتن
گەردن ئازادی لەوانەش، کە لە من لالوتن
خۆش بەودەمە ساقی بە سەفا پێکەوە جووتن
(سرووە) هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازەجەوان من چبکەم؟)

کێ بوو؟ بۆ ئەهلی ئەوین، شیعر و وشەی وەک دوڕ بوو
دوڕی دەریای ئەدەب و پیرەهەڵۆی هەڵگورد بوو
بەرزە ناوی لە ژیان گەرچی بەڕواڵەت ورد بوو
(ئاو نەبوو ئەودەمی (هێمن) مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم؟)

## (١٠) زریان سەرچناری (١٩٧٥-؟ )

### بۆ ئاسۆ

**کە من ئێستا لە تۆ دوورم، شین و گریان نەکەم چ بکەم؟**
**لە تاوی تۆ قوڕی سەربان، بە بان سەردا نەکەم چ بکەم؟**

**زریان سەرچناری**
**(ڕازگەی یاران)**
**تێهەڵکێشی (بارگەی یاران)ی هێمن**

**دەستی قەدەر گیری کردووم لە هەندەران من چبکەم؟**
**لێم حەرامە گەڕانەوە بۆ کوردستان من چبکەم؟**
**چاو بەگریانم لە دووری کۆڕی یاران من چبکەم؟**
**(دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چبکەم؟)**
**(کە بەقوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چبکەم؟)**

**ئێستا خۆشەویستی بەڕاست، هەر نەماوە سەد ئەفسووس**
**هەمووی بۆتە خەڵەتان و بەدفەڕی و زمانی لووس**
**زمان لەنگە کە وەسفی کات بۆی دەنووسم بە پێنووس**
**(قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس**
**پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چبکەم؟)**

هەرچەند لێرە وەکوو دیلم هەردوو دەست و پێ بەستراو
هەر بەو هیوایەم کە جارێ دی بتان بینم بە چاو
وەکوو مردوی گۆڕنشینم، دەژیم تەنیا من بە ناو
(تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆرجوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چبکەم؟)

لە دوریتان لێم حەرامە خواردنەوە و خواردن و خەوم
بومە ڕموزنان، بمبینن هەرگیز ناڵێن کە ئەوم
کەس نییە هانای بۆ بەرم، دەستم بگرێ نەکەوم
(زەبری ئاوزەنگی برِا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان من چبکەم؟)

ئیتر چۆن وەک خۆی بمێنێ ڕەنگ و ڕوو و شێوە و لەونم
بە شەو خەو بینینە و بە ڕۆژ خەریک تەفسیری خەونم
کووڕ و کوێر و سەر بێتوکم، وەک هاوتەمەنی کەونم
(ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندەخەوان من چبکەم؟)

زۆر دەمێکە پەرێشانم، ئاه و نرکە و ناڵەم دێ
بەڵام من نازانم کەنگێ مردن بۆ ئەم ماڵەم دێ
ئیتر کۆتایی بەم ژینە نالەبار و تاڵەم دێ
(شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چبکەم؟)

بوومەتە جێی تانەوتەشەر کەسانێکی بەدکاران
دەڵێن ئەم کابرا نەماوە کوڕەکەی جاری جاران
چۆن من شێت نەبم و بەسەرخۆدا نەدەم بەرد و داران
(بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چبکەم؟)

پێشینان وتیان ئەم ژینە بێوەفایە و بێفەڕە
وەکوو باراشێ دەتهاڕێ هاواریش کەیت، ئەو کەڕە
خۆزگەم بە سەردەمی لاویم نەکوو جارێک سەد کەڕە
(ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چبکەم؟)

لەولاترچن ئەو کەسانەی کە بێکەڵک و نابووتن
ڕەحمەتی خوا لەو کەسانەش لەڕێی ئەدەبدا سووتن
جێگەیان ناو دڵ و گیانە زێڕی هەژدە و یاقووتن
(سرووە) هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چبکەم؟)

دەردی دوری دەردی دوری کوشتمی، دڵ ورد بوو
چارەنووس! بۆچ وات لێکردم من گوناهی چم کرد بوو؟
(هێمن) یش هۆی غەریبی بوو کە بە دەردی دڵ مرد بوو
(ئاو نەبوو ئەو دەمی (هێمن) مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم؟)

## (١١) ڕاوچی

## شینی زانای خواناس، مامۆستا مەلا عەزیزی تورجانی

لەناو زۆنگی خەما، داری سەدەی خەم شین نەکەم چ بکەم ؟
مژۆڵی چاوی کز، فێری کلەی ئەسرین نەکەم چ بکەم ؟
فەلەک گۆڕی عەزیزێکم دەکۆڵێ کۆڵە کوتراوم
گوڵی سەرگۆڕی سەرکەوتن،بە شین پەرژین نەکەم چ بکەم ؟
بە کۆچی تۆ عەزیزی گەل، دڵی کۆمەڵ بریندارن
کە خوێن ڕێژی لەسەر زامی دڵی بەبرین نەکەم چ بکەم ؟
دەریدێنم دەبێ دەربێ بەبێ تۆ دیدە بڕوانێ
لە چاوی ناخونەکدار و دزێو و تۆنەبین چ بکەم ؟
فەلەک دەستی شکێ، بۆچی شەمی هۆزی وەبەر بادام؟
لە داخی تۆ فەلەک، حاشا لە شۆقی ژین نەکەم چ بکەم ؟
بەڵا،ناڵە و چڵ و ژانی لە بن سەردایە، ناچارم
کە خۆم توشی چڵ و ژان و گڕ و ناڵین نەکەم چ بکەم ؟
شەمی بە گیانی تورجانی، کوژاوی بادەوەی مەرگە
لە تورجانی بە بێگیان و لە گیانی بێئەوین چ بکەم ؟
لە سەر گۆڕی هەموو ژین دۆڕەکانی گەل دەڵێ (ڕاوچی)
کە هاوارێ لە سوود و بەرهەمی یاسین نەکەم چ بکەم ؟

## چاری بێ چاری

به نووری خوا ئەگەر ماڵی دڵم ڕووناک نەکەم، چبکەم
به گرشەی شەوچرای وەحدەت دەروونم پاک نەکەم، چبکەم
بەهاری نامرادی گەر بە سەرماهات بە دووقۆڵی
ئەگەر بۆ خوا، بە بیری خوا، برینم چاک نەکەم، چبکەم
ئەوەی بوومە و هەچی دەمبێ، ئەگەر بڕوا بەجارێکی
بە سەبر و حەوسەڵە و هیوا، شوکر بۆ تاک نەکەم، چبکەم
لە زۆربەی زۆری بێداری زەمانە، گەر نەناڵێنم
برا و دۆست و ڕەفیق و خزم و کەس خەمناک نەکەم، چبکەم
ئەگەر نەفسم بکا زۆری و بە ناحەق لێم گڕوو بگرێ
بەحەق، گەرنەیکوژم ئاخر، نەفس گەر خاک نەکەم، چبکەم
لە دنیای پڕ لە (هاڵۆز)ی ژیان سوڕما سەری حاجی
بە (هیوا) گەر سکاڵایە لەبەربێباک نەکەم، چبکەم

## (١٣) مەلا ئەحمەدی قـازی پێنجوێنی
## خەزنەی جەواهێر پێنج خشتەکی

ڕێ کە زەخیرە خوازە من بە خەتـاوە چیبکەم
بەبـارێ بەدڕەوشتی و کۆڵێ ڕیـاوە چیبکەم
بە ڕووی زەبون و زەرد و نـامەی سیـاوە چیبکەم
بۆ کەسبی تۆشە تـازە عومرم نەماوە چیبکەم
بە ڕووت و قـووتی کە کـاتی چونەدەربێ چیبکەم

## (١٤) سابری ١٨٨١-١٩٤٤

### چی بکەم؟

کە نووری تەلعەتی یارم لە تووری دڵ بڕا چی بکەم؟
تەنووری میحنەتی دووری لە سینەم هەڵگرا چی بکەم؟
ئەوا چو بۆ سەفەر لەیلا بەجێماوم لە بن کەیلا
دڵەی مەجنوون بە واوەیلا بە دویا هەڵخرا چی بکەم؟
هەتاکوو تاقەتم مابوو هەموو غەم نان و حەڵوا بوو
کە خانەی سەبرەکەم سووتا کە پەردەی دڵ دڕا چی بکەم؟
بە ئەمری حەق قەڵەم بۆ ئێمە هەر دەرد و غەمی نووسی
ئەگەر شیوەن نەکەم سەبر و قەرارم لێ بڕا چی بکەم؟
قەڵەم ڕۆژی ئەزەل بۆ ئێمە هەر دەرد و غەمی نووسی
هەموو ڕۆژ گەر نەناڵێنم لەناو خاک و قوڕا چی بکەم؟
ئەگەر چی شین و ناڵینم لە کن تۆ پارەیە ناکا
لەدونیادا بە بەدناوی کە من زانگم زڕا چی بکەم؟
لە باغی عومری خۆم و حوسنی تۆ بێ بەهرەبم تاکەی؟
لە بەر دەرگاهی تۆ هەر دابنیشم لەم قوڕا چی بکەم؟
بە بەرگی تازەوە هەرکەس ئەبینم مەست و مەسروورە
هەمیشە قانع و (سابر) لە تۆی بەرگی شڕا چی بکەم؟

# خودا هاواره

خودا هاواره ئەم شەو دولبەرم لێ دابڕا چی بکەم؟
شەرارەی ئاگری دووری لە سینەم هەڵگرا چی بکەم؟
لەبەر دەرد و غەمی یارم نەخۆش و خانەبێزارم
وەکوو مەجنوون دڵم بۆ چۆڵ و سەحرا هەڵخرا چی بکەم؟
خودا ڕۆژی ئەزەل گریان و قوڕ پێوانی پێ بەخشیم
بە ئەمری حەق وجودم هەڵنەکێشم لەم قوڕا، چی بکەم؟
قەڵەم ڕۆژی ئەزەل بۆ ئێمە هەر دەرد و غەمی نووسی
هەموو ڕۆژ گەر نەناڵم لە ناو خاک و قوڕا چی بکەم؟
قسەی بێ فائیدە و بێ جێ زەرورەت پێم نەکا نایکەم
ئەگەر گریە و فوغان ناکەم لە ئارامم برا چی بکەم؟
هەموو عالەم بەبەرگی جەژنەوە سەرمەست و خۆشحاڵە
ئەگەر قانع نەبم (سابر)لە نێو بەرگی شڕا چی بکەم؟
نەگەییە دامەنی حوسنی هەناسەی (سابری)یاران
لە دونیادا بەبەدناوی کە من زەنگم زڕا چی بکەم؟

## (١٥) ئەخۆڵ ١٩١١-١٩٨٨

### لەسەر غەزەلێکی مەحوی

کە واوەیلا بە دووری لەیلا لە دوجەیلا نەکەم چ بکەم
بە ئەشکی دیدە لێشاوی خەمم بەرپا نەکەم چ بکەم
لە مەیخانەی ژیانا مەی بەسەر مەیدا نەکەم چ بکەم
«بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چ بکەم
بە شەمعێکی وەها چارەی شەوێکی وا نەکەم چ بکەم»

لە تیشکی ڕوومەتی جوانی ئەڵێی ڕووناکیی لالایە
لە تاسەی بۆنی سەرسینەی ئەڵێی میسکی بوخارایە
لە بەرزی و شۆخی و شەنگی قەد و ئەو بەژن و باڵایە
«لە خەزنەی دڵی مەدا هەرچی هەیە هەر داخی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عەشقی پێ سەودا نەکەم چ بکەم»

براگەل خۆ موسوڵمانم گەلێ جارم نەکرد هاوار
لە باخی جوانیا تازەگوڵێکە بۆ منی دڵزار
لە دەستی دوور مەکەن توخوا، نەکەن زینهار هەزار زینهار
«لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زنناری زوڵفی یار
وەکوو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چ بکەم»

ڕەقیبم هەر وەکوو جادوو تەنی سیحری لەسەر ڕێما
بەڵام بێسوود بوو هەر چەندە هەمووم شێلا لەژێر پێما
لە خۆی پاڕامەوە ئینجا لەوانەی دەوری هەر کێ ما
«لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چ بکەم»

منی ئاوارە لەم شارە ژیانم ئێشە یا نۆشە
سەراسیمەم چە قەوماوە ئەبینم گشتی ڕەشپۆشە
ئەوی ئەیبینی بێدەنگە ئەڵێی مەستوورە بێهۆشە
«دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانونی تەجەننون شۆڕشێ بەرپا نەکەم چ بکەم»

ئەڵێی منداڵی ساوایە دڵم: هاواری دولبەریە
کزە دووربینەکەی چاوم لەباتی ئەم سەر، ئەو سەریە
ئەوەندە فرمێسکی ڕشت دیدەم تەڕایی ئاخر و ئۆخریە
«لە چاوا نم نەما بۆ گریە نۆبەیی سوجدە بەردەریە
سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم چ بکەم»

جەماڵت زوڵمەتە بۆ من دەڵێ بۆ خەلقی وەک شەمعە
ژیانی پڕ لە ئالامم گەهێ ترسە و گەهێ دەمعە
ئەوی من خۆم بە خۆمم کرد لەڕێی تۆدا هەزار نەوعە
«لەسەر تۆم دوژمنە دنیا قەزییەم (مانع الجمع)ە
کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو عالەم نەکەم چی بکەم»

بەسە ئەی نەفسی ئەممارە بەسە بەس شێت و بەدخوو بە
ئەوی دووڕوو ڕیاکارە ئەوە ئەمڕۆیە مەحبووبە
بە هیچ ناچێ لەناو عاما لە عیلما وەک ئەرەستوو بە
(بەجێ ماوم لە یاران نابەجێ ماوم ئەجەل زوو بە
بە مردن لەم قسووری ژینە ئیستیعفا نەکەم چی بکەم)

ئەگەر چی چوو بە با عومرم لە ڕێزەی عاشقا مەحوی
بەڵام داوێنی بەر نادەم هەتا دار البقا مەحوی

----------

(ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی
هەتا قامی قیامەت ئاهـ و واوەیلا نەکەم چی بکەم)

## (١٦) عابید سیراجەدینی نەقشبەندی

## ١٩٢٣-١٩٩٥

### داخ

لە داخی چوتە هەڵدانی کەر و چوارپێ خودا چی بکەم؟
لە تاوی وات و ویتی زۆر بڵێی بێ جێ، خودا چی بکەم؟
لە قینی مەست و دێوانەی نەزانی بێ حەیا وەختە
هەڵێم، چارەم چییە یاران بڕۆم بۆ کوێ، خودا چی بکەم؟
خەتای کێ بگرێ پیاو ئێستا کە نادان گەرمە بازاڕی
دەغەڵ خۆی شای کەسانە و پەندی پێ ناوێ خودا چی بکەم؟
غەم و غوسسەی زەمانە کەم نەبوو، بۆ ڕەنج و ئازارم
غەمی تر هاتە سەربارم قەدەر وابوو خودا چی بکەم؟
لەخۆڕا خۆ دەکوتنە هەر مەبەستێ باکوو تێیناگەن
نەزان چۆن تێدەگا، کەی چا دەبێ وابێ، خودا چی بکەم؟
ئەڵێن ئێستا گرووپێ تر بەناوی دانیش و عیلمۆ
خەریکی گێرە شێوێنین لە شار و دێ، خودا چی بکەم؟
خودا سا خۆت بگە فەریای گەلی چەوساوەیی بێ کەس
عیلاجی کار لە دەست (هێژا)ی هەژار نایێ خودا چی بکەم؟

**ئێوە بڵێن چی بکەم!؟**

**ساراسیمەم، پەرێشانم، چی بکەم؟**

**دڵم شکا، هەراسانم هەراسان، چی بکەم؟**

**دێوی خەفەت ڕێی پێ گرتووم ڕێ بڕانە، چی بکەم؟**

**هاوارهاوار دڵدارانە چی بکەم؟**

**پەلەقاژی تەک وەدە و نیوەڕۆ نیوەشەو**

**پێڵاوی مەحکەم کاڵە و پێتاوە لە پێ دڕاوە**

**ڕێم لێ بڕا چی بکەم؟**

.

.

.

**خاوەنی هەست ڕۆژی هەزار جار ئەمرێ، ئەمرێ**

**ئەی هاوار ئێوە بڵێن چی بکەم؟**

**ئێوە بڵێن چی بکەم؟**

## (١٧) سافی هیرانی ١٨٧٣-١٩٤٢

دڵی بولبول لە دەوری باغی گوڵ یاری نەکا چ بکا؟
لە تاوی غونچە هەردەم، شیوەن و زاری نەکا چ بکا؟
زەمانی لەززەتی ڕۆیی و دەوری زیللەتی واهات
ئیتر یاران لەمەولا ڕوو لە دڵداری نەکا چ بکا؟
لە ئاهی گەرمەوە وا لێوبەبار و خیشکە ئیستێکە
لە عەینی چاوەکانی، خوێن و ئاو جاری نەکا چ بکا؟
شەوی هیجران خەیاڵی یار دەکا، ئەسڵا خەوی نایە
بەیادی ڕۆژی وەسڵی، حەز لە بێداری نەکا چ بکا؟
بە کوفری زولفی، ڕێی ئیسلامی بەستووە، بۆیە دڵی ئێستێ
وەکوو سەنعانی دایم مەیلی زنناری نەکا چ بکا؟
دڵم عەیبی نییە، گەر ڕوی زەمین تەڕکا بەخوێنی ئەشک
بە ئاهی دودناکیش، ئاسمان تاری نەکا چ بکا؟
لەلایێ فیرقەتی یار و لە سوێی میحنەتی ئەغیار
لە هەردوولا دڵی مسکین، ڕەجاکاری نەکا چ بکا؟
هەوای یاری لەسەر دەرناچێ ئەسڵا لەو جەفای دوری
دڵی بێچارەکەم هەردەم وەفاداری نەکا چ بکا؟
ئەگەر چی بێوەفا یارم جەفایدا، ئەو دڵی مسکین
وەکوو سافی لە بەدبەختی فیداکاری نەکا چ بکا؟

***

**که ڕۆژی وەسڵی ئاوابوو بە چاو گریان نەکەم چبکەم؟**
**شەوی هیجرانی وا داهات کە دڵ بریان نەکەم چبکەم؟**
**بە کینەی من دووبارە چەرخی کەچ وا کەچ مەداری کرد**
**منی بێ تاڵعیش بەو نەوعە گەر دەوران نەکەم چبکەم؟**
**بەبێ یارم حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە ئێستاکە**
**لە جەژنا گەر ڕوحی شیرینی خۆم قوربان نەکەم چبکەم؟**
**وەکوو دەوری فەلەک دائیم لە دەوری یار نەبم، یاران**
**فەرامۆشی بەکێ دێ دڵ کە سەر گەردان نەکەم چبکەم؟**
**ئەگەر دەرمان نەکا بیماریێ دڵ بێ وەفا یارم**
**لە دەردی بێ دەوا گەر چاوەڕێی لوقمان نەکەم چبکەم؟**
**وەکوو یوسف لە زیندانی غەما حەپسی عەزیزێکم**
**لە بۆ تەسکینی جارێ ڕوو لەلای کەنعان نەکەم چبکەم؟**
**تەبیب نەیت و دەوای دەردت نەدا چارەم نییە (سافی)**
**بە مردن گەر عیلاجی دەردی بێ دەرمان نەکەم چبکەم؟**

## (١٨) عەونی

له دووریی تۆ دڵی زارم ئەگەر زاری نەکا چ بکا
له چاوان خوێن وەکوو دیجلە و فورات جاری نەکا چ بکا
وەکوو بولبول بە شین و ناڵە گوڵشەن گەر نەشێوێنێ
له دەستی باغەوان شەکوا لە بەدکاری نەکا چ بکا
له شامی پەرچەمت گەر شەمعی ڕوخسارت بگیرسێنی
وەکوو پەروانە دڵ گەر مەشقی دڵداری نەکا چ بکا
له گۆشەی بێکەسیدا بێئومێد و بێئەمەل ماوە
له ژین بێزارە داوای مەرگی یەکجاری نەکا چ بکا
کەسێ گەر بەستەیی زولفی کەمەندی یاری شیرین بێ
وەکوو فەرهاد لە بێستوون کۆهکەنکاری نەکا چ بکا
گوتی: عەونی ئەگەر بێ، باخەوان باخی سینەم بێ
بە نارنج و تورنج و سێو و بێ یاری نەکا چ بکا!

## (١٩) مستەفا پاشا یامولکی

پێم دەڵێن مەندوب و نازانم بڵێم چی و چی بکەم؟
توخوا سا پێم ببێژن وەقتی مەجلیس چی بکەم؟
؟؟؟

## (٢٠) ئەحمەدی ناڵبەند

ئاخ ژ عەشقێ مە دەوام ئا چ بکەم ؟
ئەی هەڕو قەول و کەلام ئا چ بکەم ؟
خەبەرەک خۆش کو ژ یارێ مە نەهات
زین و بەلقیس و زولەیخا چ بکەم ؟
دلبەرێ دل برو رح چو عەدەمێ
زەربەکێ بژەهرە لمن دا چ بکەم ؟
ذیللەتا هو چو کەسا قەت نە برە
وەی کو ئەڤ حالەتە ئیزا چ بکەم ؟
ڕەبەنم کەفتمە دەستێ سەنەما
چیە تەدبیرو سەرو ڕا چ بکەم ؟
زەحفن ئیرو لهناڤا مە برین
وەک شەطی خون ژ دلی زا چ بکەم ؟
سەفەرا ریحلەت و چونێ ئەڤا هات
دل ژ غەفلەت مە نە ترسا چ بکەم ؟
شەربەتەک تەحلە بەلێ دڤێت کو ڤەخوین
هێژ مە تاما وێ نە کێشا چ بکەم ؟

## (٢١) میرزا غەفوور
## پێنج خشتەکی لەسەر غەزێکی مەحوی

لەگەڵ وەزعی زەمانە و بەختی بەد، دەعوا نەکەم چ بکەم؟
بە نەقدی ڕۆحی شیرین کولبەیێ سەودا نەکەم چ بکەم؟
وەکوو مەنسوور تەنافێ بۆ سەرم پەیدا نەکەم چ بکەم؟
(بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چ بکەم؟
بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چ بکەم؟)

لە گەنجینەی دڵم ڕوانی، کە ئایا نەقدی تێدایە
کە نەمزانی لە من زیادتر، ئەویش مەجنوونی لەیلایە
گوتی: سەرمایە و سوودم، هەموو ڕاجیع بە «مەولا»یە
(لە خەزنەی دڵمدا، هەرچی هەیە هەر داغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم چ بکەم؟)

موسەلسەل تاروپۆ، ئاڵاوی گەردنمە وەکوو ڕەشمار
جەفا و جەور و خەم و میحنەت، بەڵا و فیرقەتی دڵدار
عەجەب داوێکە تووشی بووم تەلیسماتێکە زۆر دژوار
(لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زوننارى زوڵفی یار
وەکوو «شێخ» ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم، چ بکەم؟!)

خودا چ بکەم، لەگەڵ ئەم بەختە دوونە؟ چۆن بکەم چارێ؟
لە گەرداوی غەما غەرقم، نییە بۆ من مەدەدکارێ
چ میننەت؟ گەر سەر و ماڵم نەدەم ئەمڕۆ لە ڕێی یارێ
(لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کرد بە خاک پێی پیا نەنام جارێ
دەسا خاکی هەموو عالەم بە سەر خۆما نەکەم، چ بکەم؟!)

وەکوو ئەهلی تەشەییوع دڵ، لە ماتەمدا عەزا پۆشە
بە بادەی ئەشک و حەسرەت، دائیما سەرمەست و مەدهۆشە
دەڵێ: زەهریش ئەگەر بێنێ؟ لە دەست ئەو شۆخە بینۆشە
(دەمێکە شاری پڕشۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم، چ بکەم؟!)

»لە چاوا نم نەما بۆ گریە، نۆبەی سەجدە بەردەریە
سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم، چ بکەم؟«!

بە مەعلوومی خەتابارم، کەلامم بۆیە (لا سەمعە)
بە شێتم تێ مەگەن یاران، زەمانە ئاگر و شەمعە
لە ڕووباران تەماشا کەن! هەموو ئەشکی منە و دەمعە
(لەسەر تۆم دوشمنە دنیا، قەزییەم مانیعولجەمعە
کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم، چ بکەم؟!)

**لەگەڵ دڵدا هەموو وەقتم، نیزاع و شۆر و ئاشووبە**
**گوتم: تۆ تاقەتی عەشقت نییە، حاڵێکی مەجزووبە**
**گوتی: شێتی، برۆ، دنیا خەرابئاباد و مەخرووبە**
**(بەجێ ماوم لە یاران، نابەجێ ماوم. ئەجەل، زوو بە!**
**بە مردن لەم قسووری ژینە ئیستیعفا نەکەم، چ بکەم؟!)**

**هەتا کەی، ئەی دڵی ڕیسوا، خەریکی مەسئەلەی نەحوی**
**تەماشای نوتقی شیرین و کەلامی شەهدی وەک (مەحوی)**
**دەفەرموێ: قیسمەتی عاشق، هەموو هەر شیوەنە (مەحو)ی**
**(ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی!**
**هەتا قامی قیامەت، ئاهـ و واوەیلا نەکەم، چ بکەم؟!)**

## (٢٢) حەمدی ساحیبقران

دەبێ ئەهلی بەسەر فەرقی گڵی بەر پێت لە کل چیبکا؟
لە ڕوتا غەیری زەم بولبول دەبێ تەعریفی گوڵ چیبکا؟
کە ئەو سەرووە بە نووری مەی لە گوڵشەن کوڵمی داگیرسا
کە گوڵڕەنگی لە ڕوو نەبڕێ نەسووتێ بۆی چقڵ چیبکا؟
ئەگەر ئەو شۆخە یەکدەم دەم بە خەندە ڕوو لە گوڵشەنکا
لە شەرما غونچە گەر عەودەت نەکاتە بەتنی چڵ چیبکا؟
وەرە زاهید ببینە مەشعەلی حوسنی جەمالی یار
بەغەیری مەزهەبی ئاتەشپەرست فەرموو دڵ چیبکا؟
لە بازاڕی موحیببەت مشتەری لەو ماهە حەیرانن
ڕەواجی حەزرەتی یوسف کە کەمتر بێ لە قول چیبکا؟
لە بەرگی عاریە مەجنوون کە عاری بوو بە لەیلای وت
دەبێ ئازادە سەروی گوڵشەنی عەشقت لە جل چیبکا؟
هەموو عالەم کە سەر گەرمی قەدەح بازی مەین (حەمدی)
لە هاژەی سەیلی فرمێسک و لە گریانی بەکوڵ چیبکا؟

## (٢٣) ناسح حەیدەری

دەستی کرد دیسان بە باران هەوری غەم
سا خوا ناسیح دەڵێ من چی بکەم؟
؟؟؟

## (٢٤) خادیم ١٨٩٥-١٩٧١

### پێنج خشتەکی لەسەر شیعری مەحوی

لە بازاڕی مەحەببەت شۆڕشێ بەرپا نەکەم چ بکەم؟
لە دەرسی عەشقەوە گەر دەفتەرێ ئینشا نەکەم چ بکەم؟
وەکوو مەجنوون بە جارێ خۆم ئەگەر ڕیسوا نەکەم چ بکەم
بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چ بکەم؟
بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم، چ بکەم؟

❋❋❋

**لە ڕێگەی عەشقیا دڵ شۆڕشێ بەرپا نەکا چ بکا؟**
**لە دوریتا هەموو شەو ئاهـ و واوەیلا نەکا چ بکا؟**
**ڕەمی چاوی غەزالان حەلقەی زنجیرە بۆ پێی دڵ**
**ئەگەر دێوانە ڕوو هەردەم لە ڕووی سەحرا نەکا چ بکا؟**
**لە نەشئەی مەی بوو عاشق شاهدی عەهدی (ألست)ی دی**
**وجودی ئاو و خاکی خۆی ئەگەر سەهبا نەکا چ بکا؟**
**لە فەیزی سوحبەتی پیری موغان بوو کیمیای دەست کەوت**
**لە یومنی مەی ئەگەر خۆی یەکەو تەنها نەکا چ بکا؟**
**لە مەوجی مەی لە ساغیردا جەمالی دولبەری دیووە**
**ئەگەر سەر دانەنێ هەم سرِڕی خۆی ئیفشا نەکا چ بکا؟**
**لە سەحرایی جنوون دڵ مەشقی وەحشەتییە هەموو کاتێ**
**لە جوستوجو سۆراغی خەیمەیی لەیلا نەکا چ بکا؟**
**لە بۆ قەتڵی منی مسکین بە تەحریکی برۆی دولبەر**
**ئیشارەت گەر بە مەوجی چاوەکەی شەهلا نەکا چ بکا؟**
**دڵی موفلیس خەریداری جەمالی یوسفە ئیمڕۆ**
**لە بازاڕی محەببەت عیشق ئەگەر سەودا نەکا چ بکا؟**
**لە جامی وەحدەتا مەخمووری ڕەحراحی ئەزەل بێ دڵ**
**بە مەوجی جیلوە گەر دەیجوور یان بەیزا نەکا چ بکا؟**
**هجومی بۆ دڵی (خادیم)کە هێنا جیلوەیی عیشقی**
**لە بازاڕی محەببەت خۆ ئەگەر ڕیسوا نەکا چ بکا؟**

❊❊❊

**به یادی تۆ له دڵدا گەر کیفاحی ئەم نەکەم چ بکەم؟**
**به فیکری دوری تۆ دەردی جودایی کەم نەکەم چ بکەم؟**
**له چارەی دەردی دڵ ئیمڕۆ تەبیبی حازیقن عاجز**
**به زامی تر ئەگەر زامی جگەر مەرهەم نەکەم چ بکەم؟**
**تەعەللوف ڕێی ویساڵی حەزرەتی مەعشوقی لێ گرتم**
**کەوا بۆ تەرکی خویش و باب و خاڵ و عەم نەکەم چ بکەم؟**
**ئەگەر بۆ کەعبەیی وەسڵی ڕوخی ڕێگەم نەدا دولبەر**
**له بارانی سوروشکم دیدە وەک زەمزەم نەکەم چ بکەم؟**
**خەلەل بۆ عەیشی تەنهایی ئەدا هەمدەم بە جوز دولبەر**
**له خەڵوەتدا خەیاڵی عەکسی ئەم هەمدەم نەکەم چ بکەم؟**
**بناغەی خانەی عەیشم له هیجرانا ڕوو له وێرانه**
**بەسەنگی سەبر ئەگەر بنچینەی مەحکەم نەکەم چ بکەم؟**
**موجەرەد بوونە ڕێگەی وەسڵی ئەو شۆخە له دونیادا**
**که تەرکی سوزەنی وەک عیسای مەریەم نەکەم چ بکەم؟**
**به ڕەشماری دوو زولفی زامی دڵ زەهراوییە (خادیم)**
**به تریاقی لەبی دولبەر عیلاجی سەم نەکەم چ بکەم؟**

❊❊❊

## (٢٥) ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧

### میرێ مەجلس

میرێ مەجلس نەکەنت موتربێ گۆیا چ بکەت
غونچە خەندان نەبتن بولبلێ شەیدا چ بکەت
نەینکا حوسنێ بوتان لازمە ساحب نەزەرەک
کەسێ بینا کوو نەبت دلبەرێ زیبا چ بکەت
بێ کەرەم ناچتە تیپا عەدوان مەردێ شەجیع
تیغێ ئاهیختە بێ دەستێ توانا چ بکەت
تالبێ علم و کەمالێ نەبتن قابلێ فەیز
حکمەت و تەربیەتا عالمێ دانا چ بکەت
تەبعێ خانی سەدەفا گەوهەرێ عرفانە وەلێ
مەتنخوانەک کوو نەبت ساحبێ مەعنا چ بکەت

## (٢٦) زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨

### لە هیجرا

لە هیجرا ڕوو لە ساقی و شیشەیی سەبا نەکەم چ بکەم؟
وجوودم گەر بە فەرشی مەیکەدە و مینا نەکەم چ بکەم؟
لە ناو تۆفانی ئەفکارا نەهەنگی (لا الە) هەستێ
تەشەبوس گەر بە کەشتی نووحی (إلا اللە) نەکەم چ بکەم؟
مەتاعی حوسنی ئەو مەحبوبە نەقدی داغ و سەودایە
لە بازاڕی مەحیببەتدا بە ڕۆح سەودا نەکەم چ بکەم؟
ئەوا مەحرومی خۆی کردم دڵی بردم دەری کردم
بە سۆزی دڵ هەموو دەم ڕوو لە قاپی خوا نەکەم چ بکەم؟
لە هەر لا زەبتی ناکەم موددەعی تا تۆ ڕەئیسم بی
بە قانوونی مرووەت گەر ڕەجا ئیجرا نەکەم چ بکەم؟
بە ڕوتبەی وەسڵی ئەو ناگەم ئەگەر عومرم هەموو دانێم
لە دەست ئەو زاڵمە لەم کارە ئیستغنا نەکەم چ بکەم؟
ئەڵێن ئەوراقی زوڵمی تۆ تەواو نابێ بە تەحریرات
وەکوو (زێوەر) بە تەقریر گەر ئەدای مەعنا نەکەم چ بکەم؟

# که تۆ ڕۆیی

که تۆ ڕۆیی بەجوز ناڵاندن و گریان زووبان چبکا؟
که ئاهوو ڕەم بکا سەییاد بەجوز ناڵە و فوغان چبکا؟
له سایەی عەسکەری موژگان و تورڕەی زولفی شەوڕەنگی
نیگارم پادشای حوسنە، لە حاڵی عاشقان چبکا؟
ئەلا ئەی عاشقی بێ دڵ نیگارت میهرجۆ نابێ
له قاپیدا عەبەس کەوتوی فەقیرە دەرگەوان چبکا؟
به وەعزی و پەندی دانا مەردی نادان بەهرەوەر نابێ
که بەخت و تاڵعی ڕەش بێ گەڕانی ئاسمان چبکا؟
له هەرلا ئیتتیفاقێ بوو، ئەگەر کێوە عەدوو هیچە
که پەششە ئیتیفاقی بوو ئەبێ فیلی دەمان چبکا؟
به حوکمی حەق ڕەزا نابێ ئەبەد مەترود و مەحکومی
ئەلا ئەی نەفسی دوون شەیتان ئەبێ غەیری زیان چبکا؟
که بەد خولقی تەبیعەت بێ بە مسقەل زەحمەتە لاچێ
له دەست بوجەهل و ئەمسالی ڕەسولی ئینس و جین چبکا؟
له دوری تۆ ڕەفیقان و هموو دنیام لەلا مەحوە
که فەسڵی گوڵ نەما، بولبول لە باغ و باغەبان چبکا؟
له جیلوەی گوڵ لە نەشئەی مەی لە عەکسی تەلعەتی ساقی
که دڵ ژەنگی غەمی تیابێ ئەبێ (زێوەر) لەوان چبکا؟

## (٢٧) جاهید
## پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی سابری

وجودی ناوجودی من لە خزمەت دەرکرا چیبکەم؟
شەهادەی شێتی و مەستی بەناحەق پێم درا چیبکەم؟
بەرەڵا بوونی دەشت و دەر لە بۆ من دانرا چیبکەم؟
خودا هاوارە ئەم شەو دولبەرم لێ دابڕا چی بکەم؟
شەرارەی ئاگری دووری لە سینەم هەڵگڕا چی بکەم؟

ئەمەندە ناتەوان و سەربەئێش و دڵ خەفەت بارم
تەبیب پێی ناکرێ وەڵا عیلاجی ناڵەیی زارم
کز و مات و غەلایب و بێکەس و بێ هەمدەم و چارم
لەبەر دەرد و غەمی یارم نەخۆش و خانە بێزارم
وەکوو مەجنوون دڵم بۆ چۆڵ و سەحرا هەڵخرا چی بکەم؟

لە سەد سەوداسەر و شەیدا حیسابی عاشقی پرسیم
لە سەد فەرهاد و مەجنوونیش وەرم گرت دەرس و هەم تەعلیم
نەبوم ڕزگار مەگەر وابوو نەسیب و بەخت و هەم تەقسیم
خودا ڕۆژی ئەزەل گریان و قوڕ پێوانی پێ بەخشیم
بە ئەمری حەق وجودم هەڵنەکێشم لەم قوڕا، چی بکەم؟

ژیانم چو بەسەر چیبکەم نییە چارەم بە مەئیووسی
فەلەک سەت نەوعە خۆی گۆڕی وەکوو ئەشکالی تاووسی
لەناو بەحری غەما غەرقم بە مەحکومی بە مەحبووسی
قەڵەم ڕۆژی ئەزەل بۆ ئێمە هەر دەرد و غەمی نووسی
هەموو ڕۆژ گەر نەناڵێنم شەوانی بێ چرا چی بکەم؟

لەسەر ئەم حاڵەتەی خۆشم ژیانی خۆم بەکەس نادەم
ڕەقیب باسەرکەوێ بۆ من کەوا خوا نەیخا و من نایخەم
نەفس سەد ئارەزووکاتن عەقڵ نەیبات و من نایبەم
قسەی بێ فائیدە و بێجێ زەرورەت پێم نەکا نایکەم
ئەگەر گریە و فوغان ناکەم لە ئارامم برا چی بکەم؟

بەهارە دەشت و دەر ڕازاوە بولبول وا لە ئیقباڵە
مەحاڵە پایەبووسی گوڵ بکەم بەم وەزع و ئەحواڵە
نەتیجەی عاشقی هەر ڕوت و پەرپوت و عەدەم حاڵە
هەموو عالەم بەبەرگی جەژنەوە سەرمەست و خۆشحاڵە
ئەگەر قانع نەبم (سابر)لە نێو بەرگی شڕا چی بکەم؟

قەناعەت کەنزە بۆ (جاهید) هەژاری هەر بەسەر چاوان
چە دەخل پێیە بۆ عالەم ئەگەر شایی بێ یا سەیران
نەبوو جاری هەواڵی من بپرسێ یارەکەی جارام
نەگەییە دامەنی حوسنی هەناسەی (سابری)یاران
لە دونیادا بە بەدناوی کەمن زەنگم زڕا چی بکەم؟

## (٢٨) فەنـایی ١٨٩٧-١٩٦٩

## ژینی بەفیڕۆ

که من ژینم بەفیڕۆ چوو ئیتر ڕۆڕۆ نەکەم چ بکەم
بەیانی حاڵی شێواوم ئەگەر بۆ تۆ نەکەم چ بکەم
لە گەنجیی تـا بە پیریی هەر خەریکی ئارەزووی نەفسم
ئەگەر داوای دەوای نەفسم لە خزمەت تۆ نەکەم چ بکەم
وەکوو کۆکەن لە تـاقی بێستوونی نامورادییدا
سەری مەینەت وەسەر بەرد و وەسەر ئەژنۆ نەکەم چ بکەم
ئەوەی شەرتی جنوون و دەرسی سەودا بوو ئەمن کردم
کە من دادم نەگا پێت ڕوو لە دەشت و کۆ نەکەم چ بکەم
ئەگەر پەروانە بۆ شەم خۆی ئەسووتێنێ پەڕ و بـاڵی
بە شەمعی ڕووت لە کوورەی دڵ ئەمن بۆسۆ ئەکەم چ بکەم
لە گوڵزاری گوڵی ڕووت من کە بێبەش بووم هەتـا ئێستا
بە یادی بۆنی تۆوە دەس لە مل شەوبۆ نەکەم چ بکەم
کە من پیرێکی پەککەرتەم، ئەتۆش پیرێکی ڕەوشەن دڵ
دڵەی وێرانەکەم قوربـانی چاوی تۆ نەکەم چ بکەم
کە من ئێستا بە زامی بێدەوای دڵ هەر ئەناڵێنم
ئیتر خۆم و دڵم قوربان نیساری تۆ نەکەم چ بکەم
لە خەڵوەتخانەکەی وەسڵت (فەنـایی) گەر نەبێ ڕێگەی
قەنـاعەت گەر بە بۆنێکی نەسیمی تۆ نەکەم چ بکەم

## (٢٩) ڕاجی ١٩١٢-١٩٦٩

له خۆشی چاوەکەت دڵ کاری ناقۆڵا نەکا چ بکا؟
بە ناوی نارەوەن باڵات بە دەم سەودا نەکا چ بکا؟
لە پێ ئاهەنگی کوردانا لە مەیدانی هونەرمەندی
بە نووکی نێزەوە دڵ هەمسەری ئاڵا نەکا چ بکا؟
سەحەر پەردەی کە لا دا توشی هەر کۆمەڵ ئەبێ هەرلا
لە ڕازی ڕۆژەوە سۆزی دڵان پەیدا نەکا چ بکا؟
سەری سەودازەدەم سەرتەختەیی جامی خەراباتە
کە دامێنی بەمەستی ماڵەیی سەهبا نەکا چ بکا؟
بە بەزمی بادەوە ساقی کەوای پیرانی گوڵگون کرد
کە گۆیندە چریکەی ڕوو لە عەرشی خوا نەکا چ بکا؟
لە تاریکی خەیاڵاتا نەفەوتاوم، دڵی سافم
بە نووری عیشقەوە ئەم چاوە گەر بینا نەکا چ بکا؟
لە عالەمدا هومێدی دڵ نەما بێچارە وا ماوە
لە ناو پەردەی تەوەککول خۆی ئەگەر تەنها نەکا چ بکا؟
بە شیرینی ستاندی لێوی گوڵڕوویان دڵی ئێمە
کە تاڵاوی هەموو جێگای بە جەرگیدا نەکا چ بکا؟
دڵی پڕ حەسرەتی (ڕاجی) لە کونجی سینە ناگونجێ
لە ڕێی سەرکەوتنی کوردی کە واوەیلا نەکا چ بکا؟

❊❊❊

خودایە من لە دەردی بێ دەماغی خۆم و گەل چیبکەم؟
لەگەڵ ڕۆبینتەنی میحنەت بە شمشێرێکی کەل چیبکەم؟
کە من ئاوارەیی موڵک و وەتەن بم دەست و پێ خەستە
لە ساحێب ئەقریبا و ئەسپ و ڕەفیقی پێوپەل چیبکەم؟
وەرە ئەی نازەنینی من بە ماچی لێوەکەی ئاڵت
بەبێ تۆ غەیری داغ و دەرد دەستی خۆم لە مل چیبکەم؟
لە زنجیری فیراقت بەستەو و مات و مەلوول ماوم
لە زۆرداری جەمال و حیددەتی لاوی فەحل چیبکەم؟
چ ئاشوبم بەڕسوایی سەرم هێناوەتە سەر خاک
کە من خاکم لە لالە و سەبزەواتی مێرگ و مەل چیبکەم؟
بە بێ من ئەی نیگاری شۆخی سەربەستی بە عیشوە و ناز
نەبوو جارێ بفەرمووی بێ فەقەس لەم تەیری دڵ چیبکەم؟
زەمانەت دوژمنە (ڕاجی) چ تەدبیرت نییە ئەسڵەن
نییە ڕێگەی منیش وەک تۆ لەسەر ئەم داوە سڵ چیبکەم؟

(٣٠) فـانی (١٩١٠-١٩٧٣)

نەشتەری دوری

نەشتەری دووری لە جەرگی پڕ جەخارم دایەوە
شەمعی ڕوخساری لە دیدەی بێ خەوم شارایەوە
گەنجی من ڕۆشتوو ڕەنجی فیرقەتم بۆ مایەوە
چی بکەم ئەی هێزی دڵ بێ چاوی کاڵت چی بکەم؟
بێ تەماشای بەژن و لەعلی لێوی ئاڵت چی بکەم؟

.

..

(٣١) مەلا غەفوری دەباغی (حافزی مەهابادی)(١٩٢٥-١٩٩٠)

بەرقی بزەی نیگارم گرتمی لە ڕێوە چبکەم؟
وەک کەکرە تاڵەزارم بارم لە لێوە چبکەم؟
لای دڵبەری عەیارم جوابم جنێوە چبکەم؟
دەردم گرانە یارم حاڵم پەشێوە چبکەم؟

٣٢ (موحسین قەرەداخی ) دێنشین (١٩٧٦-)

ئەمن گەر بۆ جوانی تۆ نەپێوم قوڕ بڵێ چبکەم؟
لە نێو ماڵم هەتا دەمرم نەبینم دوڕ بڵێ چبکەم؟
ئەگەر ئیتر لە بێ تۆیی بەڕۆژ و شەو سەدای شینم
نەگاتە گوێی ئەویندارى کچان و کوڕ ئەبێ بڵێ چبکەم؟

## ٣٣ (سەید محەممەد تاهیر هاشمی) (-)

ئەسیری دامی عیشقم خەستەیی دەردی دڵم چ بکەم
لە تۆ دایم پڕە قەلبم لە خۆم گەر غافڵم چ بکەم
نە شێخ و زاهد و سۆفیم، نە قازی و واعیز و موفتیم
نە دێوانەم، نە فەرزانەم، نە زانا و عاقڵم چ بکەم
لە دەرکی پێچ و ئەشکەنجەی سەری زوڵفت پەرێشانم
ئەترسم حەل نەبێ جارێ، خودایا موشکڵم چ بکەم
لە سایەی خاری هیجرت دامەنم پڕ گوڵ لە ئەسرینە
ئەگەر گاهێ دەناڵێم لێم مەڕەنجێن بولبولم چ بکەم
بڵێم چی دەهری دوون گەر چاوی ئینعامی بە ئەنعامە
نییە خۆ غەیری فرمێسک و هەناسە حاسڵم چ بکەم
بڵا با مامە سۆفی ئاگرم تێ بەر نەدا وەعزی
سرشتەی عیشقی خووبانە ئەمن ئاب و گڵم چ بکەم
ئومێدی دیدەنی یارم هەیە تاهیر لەمەو پاشیش
خەریکی نەزم و تەرتیبی خەیاڵی باتڵم چ بکەم

❊❊❊

٢

نیساری ڕێی کەسێ سەد گەوهەری یەکتا نەکەم چ بکەم
بە شەمسێ مانگی دڵ پڕ شوعلە و ئەحلا نەکەم چ بکەم
لە قاپی پیری مەیخانە دەمێ هانا نەکەم چ بکەم
بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چ بکەم
بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چ بکەم

سەحیفەی خاترم تۆماری ئالام و سووەیدایە
بە باڵام کیسوەتی غەم وەک خەڵاتێکی سەراپایە
هەزاران گەنجی خانەی ڕەنجی هیجری دڵبەرم لایە
لە خەزنەی دڵمەدا هەر چی هەیە، هەر داغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم چ بکەم

بە مەستی شوهرە نابی تا نەگەیتە مەستەبەی خەممار
مەدەد بگرە لە عیشوەی چاوەکانی حەزرەتی دڵدار
خیلافی عیشقە عوجب و خۆپەرستی و کیبر و عەیب و عار
لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زوننـاری زوڵفی یار
وەکوو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چ بکەم

دەریغا سەیلی غەم نەیهێشت لە هەستیم نوون و ئاسارێ
تەبیبی دەردی دڵ نەیبیست دەمێ ناڵینی بیمارێ
لە پرشەی خوێنی من خۆی لا ئەدا ڕەندی جەفاکارێ
لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کرد بە خاک پێی پیا نەنام جارێ
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چ بکەم

زەمانێکە کە ئاشوفتەی نیگاهت مەست و مەدهۆشە
عەزیزم ڕۆزگارێکە کە خۆشم لا فەرامۆشە
دڵا بێ سوودە دانیشتن لە ئەم سووچ و لە ئەو گۆشە
دەمێکە شاری پڕ شۆری موحەببەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم چ بکەم

دڵم پڕ مەینەتە شادیم غەمی دووری لەپێی سەریە
ویساڵم وەسوەسەی هیجرە خەیاڵم عیشقی تۆ بەریە
فیدای سایەی هومایێکم کە عالەم شێتی سێبەریە
لە چاوا نم نەما بۆ گریە، نۆبەی سەجدە بەر دەریە
سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستسقا نەکەم چ بکەم

ڕەفیقی هەمدەمم ئاهە شەرابی عیشرەتم دەمعە
غوڵامی سووتن و تاوانەوەم پەروانە و شەمعە
لە تەعنەی ناکەسان بیستن عوقوولم قاصرالسمعە
لەسەر تۆم دوشمنە دنیا، قەزییەم مانع الجمعە
کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم چ بکەم

ئەیا ئەشکی جەفای جانان بە کوڵ جارێ لەسەر ڕوو بە
ئەیا بەختی ڕەشم وەک زوڵفەکەی پڕ پێچ و واروو بە
دڵی زارم! لە کونجی سینەدا بێ دەنگ و نوستوو بە
بەجێماوم لە یاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل، زوو بە
بە مردن لەم قوسووری ژینە ئیستعفا نەکەم چ بکەم

لە مەکتووبی دڵمدا غەیری دەرد و غەم نییە مەتوی
لە تەگبیری ژیانمدا جەماڵی دڵبەرە مەنوی
بە مەیلت فانییە تاهیر مەکەن یاران خەیاڵی وی
ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی
هەتا قامی قیامەت ئاه و واوەیلا نەکەم چ بکەم

## ٣٤ جەلال مەلەکشا (١٩٥٢-٢٠٢٠)

لە تاریکی ژیانا دڵ بە وێنەی شەم نەکەم چی بکەم
گوڵاڵەی خوێن بە ئاڵا و بەیرەق و پەرچەم نەکەم چی بکەم
ئەگەر شەرتی ئەویندارى پەژارە و ماتەم و دەردە
دڵی خۆم نوقمی گێژاوی خەم و ماتەم نەکەم چی بکەم
ئەویندارانی دنیا گشت بە وەسڵی یار نایل بوون
بە خوێنی جەرگی خۆم ڕەفعی خەم و ئەستەم نەکەم چی بکەم
وەکوو دێوانە وەیلانی هەواری چۆڵی مەحبووبم
بەسەردا خاکی هیجران و فیراقی شەم نەکەم چی بکەم
لە عەشقی ئاورینی زین هەزاران کاکە مەم مردن
ئەمن شۆڕش لەسەر ڕێبازی خوێنی مەم نەکەم چی بکەم
لە چاوی مێژووا خوێنم وەکوو ئەسرین قەتیس ماوە
ئەگەر هێرش بە سەر مێژوودزی عالەم نەکەم چی بکەم
هەتا زوڵمەت بسووتێنم هەتاوی کۆیلە دەربێنم
گڕ و کڵپە و بڵێسەی ئاوری دڵ جەم نەکەم چی بکەم
پەریزادی ئەوینم دیل و یەخسیری قەڵای دێوە
لەسەر ئەو، سێبەری ئەم دێڵەدێوە کەم نەکەم چی بکەم

## ٣٥ عەباسی حەقیقی (١٩٠٢-١٩٩٦)

**لە گوڵ و گوڵشەنی بێسەروی ڕەوان من چ بکەم**
**لە سەری زولف و لە ڕووی سونبول و سوێسن چ بکەم**
**گیانە لۆمەی نەتەوی هۆ بوو کە نەمدی ڕووی تۆ**
**ئاینەی ڕووم نییەتی ڕووی وەکوو ئاسن چ بکەم**
**ئەی نەسیحەتگەرەکەم ڕەخنە لە مەستان مەگرە**
**حوکمی وا کردووە قانوونی قەزا من چ بکەم**
**بەرقی چەخماغە دەدا کاتێ مەکینەی غەیبی**
**بەرهەمی من کە لەبەر بایە لە سووتن چ بکەم**
**دیل و بەندیمە لە بیری ستەمی شای تورکان**
**کوڕی زاڵی کە نەکا بیری خەلاسن چ بکەم**
**ئاوڕی خێری گڕی ئاوری توورم کە نەبێ**
**شەوە، لەو وادییە بێ لالەیی ڕۆشن چ بکەم**
**حافزا قەسری بەهەشتێ بەشەمیراتی منە**
**لە کەلێن و کەلەوا و کاول و قوژبن چ بکەم**

**ئەم هۆنراوەیەی حەقیقی وەرگێڕانی غەزەلێکی حافزی شیرازییە کە ئەمە دەستپێکەکەیەتی:**

بی تو ای سروِ روان با گل و گلشن چه کنم؟
زلفِ سنبل چه کشم، عارضِ سوسن چه کنم؟

»حافظ شیرازی«

## ٣٦ مام ڕێباز

که من کوردم ژیان تاڵ بێ له ژین دەعوا نەکەم چ بکەم
له ئاگردا بسوتێ ئەو که خۆم فیدا نەکەم چ بکەم
له تورک و فارس و شۆڤێن هەتاکەی هەر تکاکەم من
ژیانم بوو بە بەحری خوێن جەلاد ڕیسوا نەکەم چ بکەم
بەهارێکم نەبینی من کە عومرم هەر خەزانیی بوو
بەبێ خۆشی ژیان ڕۆیی ئەجەل سەودا نەکەم چ بکەم
له عومرمدا کە شک نابەی نە خۆشییەک نە شادبوونێ
دژی یاسایی جەرگسووتان شەڕێ بەرپا نەکەم چ بکەم
بەچی نەوعێ بەچەن ساڵان له هاوارم دەبن حاڵی
له خۆخۆری لەیەککوشتن تەمەن کۆتا نەکەم چ بکەم
ئەگەر ڕێباز بەچاو نەت دی کەڕۆیشتی وەکوو زۆرێ
بەبێ دەوڵەت بەبێخەمخوار تەمەن ئاوانەکەم چ بکەم

## ٣٧ كۆسار هێرۆیی-محەمەدئەمین محەمەد ١٩٦٦-
## زیکری وەفا

تەرکی دنیام کرد لەبەر ئەو ناکات بڕوا دەمن چیبکەم
دڵی ڕەقی نەرم ناکات ئەگەر شەکوا نەکەم چیبکەم؟
هەموو تەمەنم دەبەخشم بە نیگای دوو چاوی مەستی
دەڵێ هەردێ و پیرتردەبێ ناکات سەودا دە من چیبکەم
گەرچی لە دەریای خەیاڵم ئەو دوڕ و لەعل و مەرجانە
هەرچیمکرد دەستم پێی ناگا ئەگەر نزا نەکەم چیبکەم
شیفا و دەوای گشت دەردێکە ماچی شیرینی لێوی ئەو
بۆ عیلاجی تاڵی ژینم، دەستم بە ئەو ناگا چیبکەم
بە فوارەی ئەسرینی چاوم دیدە و گلێنەم لە دەستدا
مەکۆی ئیلهامی شیعرم بوو وشە و سەروام نەما چیبکەم
(کۆسار) تەنیا لە ئاست ڕاستی سەری بەرزی دەکات نەوی
لە خانەقای عیشقی ئەودا نەکەم زکری وەفا چیبکەم؟

## ٣٨ غائیب

که من دوورم له ڕووخساری ئەگەر زاری نەکەم چ بکەم؟
که غائیبم له دیداری بە دڵ چاری نەکەم چ بکەم؟
بە شەوگاران دەکەم یادی بە ڕۆژان مەست و ئاوارە
بە دڵ یادێکی وی جارێ لە ڕووخساری نەکەم چ بکەم؟

که من دوورم له ڕووخساری ئەگەر زاری نەکەم چ بکەم؟
که غائیبم له دیداری بە دڵ چاری نەکەم چ بکەم؟
بە شەوگاران دەکەم یادی بە ڕۆژان مەست و ئاوارە
بە دڵ یادێکی وی جارێ لە ڕووخساری نەکەم چ بکەم؟

## غائیب

لە شادی بەش بڕاوم بەش بڕاوم ئەی خودا چبکەم؟!
منی بێدڵ کەوا غەم بەش دراوم ئەی خودا چبکەم؟!

## غائیب

لە گفتوگۆی شەوی دوێنێ حەبیبم دابڕا چی بکەم؟
شەرارەی ئاتەشی فیرقەت لە سینەم هەڵگڕا چی بکەم؟

وتی من لات ئەڕۆم و شەمعی ڕوم خامۆش ئەکەم من وتم
دڵەی پەروانەکەی من گەر لە دەورت هەڵسووڕا چی بکەم؟

تەماشاکەن چلۆن دەشتودەرم گرتۆتە بەر یاران
وەکو مەجنوون سەرم بۆ حەبلی لەیلا داخڕا چی بکەم؟

لە زیندانی دڵا ئەو دولبەرم کۆت کردووە نەڕوا
ئەگەر وەک بولبولێ دەرچوو لە دەسم و هەڵفڕا چی بکەم؟

ئەڵێن جانانە تەشریفی بەرەو لای ئێمە دێ قوربان
لە خۆشی وەسڵی گەر ئارام و سەبرم لێ بڕا چی بکەم؟

کە سەیری کردەوی خۆم کرد وتم یارەب سییا چارم
هەموو کات خۆم نەگەوزێنم لەناو خاک و قوڕا چی بکەم؟

هەتا هەم شاکرم بەو نیعمەتەی خودا کە پێی داوم
ئەگەر ڕازی نەبم خەڵقە ، لەنێو بەرگی شڕا چی بکەم؟

سڕی عیشقم بە دڵ پاراستبوو ئابڕووم نەچێ (نوونە)
بە بەدناوی کە ناوی من لە دنیادا زڕا چی بکەم؟

غائیب
کێشی شیعر (هەزەج)

## ٣٩ ڕەشید

دەمێکە خانەقای مەحوی بە بێ تۆ مات و خامۆشە
بە قانوونی ویراسەت (ئەسعەد)یّ پەیدانەکەم چیبکەم؟

## ٤٠ سدقیی

بناغەی غەم بە قوربان گەر لە سەنگی ڕوو نەکەم چیبکەم؟
بەناچاریی ڕەفاقەت گەر لەگەڵ مردوو نەکەم چیبکەم؟
هەموو مانگ و هەموو ساڵم لەگەڵ عەقڵ و دڵ و ماڵم
ئەگەر سەرفی بەجارێکی بە ماچی ڕوو نەکەم چیبکەم؟
بە داخ و حەسرەت و جەوری ڕەقیبی وا وەکوو مەجنوون
لەگەڵ ڕیزی دڕندە و جانەوەر خوو نەکەم چیبکەم؟
لە تاریکی شەوی یەڵدایی دووریی گەر تولوعت بێ
وەکو سۆفی لە خۆشی شێخ، کە هایی و هوو نەکەم چیبکەم؟
پەرێشانە دڵم ئەمڕۆ بە دوو زوڵفی پەرێشانت

لەبەر تەنبێ ئەگەر حەبسی بە تاڵی موو نەکەم چیبکەم؟
لە تەخت و بەختی وەسڵت گەر نەبێ کامم بە ناکامی
وەکوو وەحشیی لە فام و دین و هۆشم فوو نەکەم چیبگەم؟
لە ئێش و نێشی هیجرانت بە بێ هۆشیی دەڵێ (سدقیی)
بەڵێ یاران وەکوو قومریی ئەگەر کوو کوو نەکەم چیبکەم؟

## ٤١ شەفیق

زەلیلی زوڵمەتی نەفسم بە بێ ڕەحمی خوا چیبکەم؟
بە جیفە دڵ دەکەن مائیل، لە دەس نەفس و هەوا چیبکەم؟
ئەسیری نەفس و شەیتانم، غەریقی بەحری عیسیانم
بە بێ کەشتیی شەفاعات و نەجاتی موستەفا چیبکەم؟
عەمەل مادەر، پدەر ئیحسان، قەبر گەهوارە، تەقوا شیر
بە بێ ئەعمال و ئیحسان و بە بێ تەقوا خوا چیبکەم؟
لەنێو تۆماری ئەعمالم بە غەیری شەڕ، نییە خەیرێ
منی بێ زاد و بێ تۆشە لە ڕێی بێ ئینتیها چیبکەم؟
ئەگەر دەستی ئەجەل لێیدا لە تەپڵی ڕیحلەتا ئاخر
چلۆن بێمە سەفی مەحشەر، زەلیل و ڕووسیا چیبکەم؟
دەمی قامی قیامەت گەر خەلائیق دێنە سەر میزان

منی مەخجوول و شەرمەندە خودا ڕۆژی جەزا چیبکەم؟
بە بێ سەنگی محەک وەرناگرن نەقدی عەمەل، سوبحەی
کە من خاڵیی لە ئیخلاسم لەگەڵ تۆشەی ڕیا چیبکەم؟
لەسەر پردی سیرات مەردی خوا دێن و دەچن وەک بەرق
ئەمن لەو ڕۆژە داماوم، خودا بێ دەست و پا چیبکەم؟
لە ڕۆژێکدا کە دەستێنن جەزای گەنجی عەمەل، جەننەت
بە بێ هیچ مایە و نەقدێ ئەمن لەو ڕۆژەدا چیبکەم؟
دڵم بۆ فەیزی مەردێکی خوا زۆر تالیبە، چونکە
لەخۆوە خونچە ناپشکوێ بە بێ بادی سەبا چیبکەم؟
ئەڵێی سەرهەڵگرم ڕۆژێ بڕۆم تەنیا بەدنیادا
هەتا ئەمرم بڵێم بۆ خۆم خودا چی چیبکەم خودا چیبکەم؟
لە تاری زوڵمەتی نەفسا ( شەفیق) ئێستە بەداماوی
ئەڵێ هەردەم بە بێ شەمسی وجوودی موستەفا چیبکەم؟

## ٤٢ میرزای هەورامی

### قسەی زل زل

ئەرێ نەمروود! زەححاکی! دەور! دەبیرکوللی فیتنە و فەساد!
بەربەیانیان لە قاپی حەق، مەرگت داوا نەکەم چ بکەم
سازمانی حقووق بەشەر شەرمەندەیە لە عالەمدا
ئەو بەشەرە خەیاڵییە، یادی (عەنقا) نەکەم چ بکەم
ئەی درێغا، شاخەکانی وەڵات هەموو، هەور و تەمە
لەبەر هەور و تەمی شاخان، ڕوو لە سەحرا نەکەم چ بکەم
مێژووی گەلان، سەما ئەکا بۆ گەلی خۆی، کە ئازادە
مێژوونووسی کوردیش ئەڵی (ئەرێ هۆ لەیلا) نەکەم چ بکەم
ئەگەر نەبێ پیاوێکی لە حاڵزانی ژیر و چالاک

قسەی زل زل لەگەڵ تووبا و ڕەعنا و سەلما نەکەم چ بکەم
ڕەهبەرێکی گەل و ئایین نەبێ بۆ من، ناعەلاجم
ئەحە و جەلە و مچە و عەزە، سەرۆک مەولا نەکەم چ بکەم
لۆچی تێکەوت پەنجەکانم، نەیتوانی تێڵا ڕابگرێ
بە تەزبێحی سۆفیانە (سبحان الله) نەکەم چ بکەم
کە (میرزایی) بە حەسرەتی چەرخی فەلەک گیرۆدە بوو
بۆ ئاواتە مەردانەکەی، مەدح و سەنا نەکەم چ بکەم

## ٤٣- پەری قەرەداغی

کە من هەموو گوڵزارم چوو بەدڵ هاوار نەکەم چیبکەم
بەدڵ داوای گوڵی بەهار لەلای بەهار نەکەم چیبکەم
منی تینوو بۆ قومێ ماچ لە دەشتی غوربەتا بێ کەس
ستایشی لوتفی کانی و لێوی ڕوبار نەکەم چیبکەم

## ٤٤- عاجز

لە عیشقی چاوی غەممازی غەزەلخوانی نەکەم چ بکەم
لە نازی تاوسی چین، سینە سوزانی نەکەم چ بکەم
عەجائیب مانگی چاردەم دی، دوو مانگی یەک شەوەی پێ بوو

لەگەڵ دوو زەهرە لەم تەرتیبە حەیرانی نەکەم چ بکەم
لە باغی یار کە جاری بووی گوڵێکم کرد فیراقم بوو
ئیتر جانم فیدای خاوەن گوڵستانی نەکەم چ بکەم
شەڕابی لەعلی لێوی گەر بخۆن وەک من دەبن ڕیسوا
مەکەن لۆمەم کە فیکری مەیلی جارانی نەکەم چ بکەم
ڕەقیبی سەگ سیفەت مەنعی ویساڵی یاری لێ کردم
بە ئەفکار خۆم هیلاکی تیری موژگانی نەکەم چ بکەم
لە غەم تازە خەلاس نابی دڵی دێوانە و مەفتوون
نەما سەبرم خەیاڵی خەدد و خاڵانی نەکەم چ بکەم
لە حەسرەت ڕوویی لەیلا عاجزم مەجنوون سیفەت ناچار
وەکو بولبول لە دەوری گوڵ سەحەر خوانی نەکەم چ بکەم

## ٤٥- مەلا حەسەن فەیزبەخش

وەتەن دەستی جەفا کۆتا لە شارانت نەکەم چی بکەم
پەتی تۆڵە لە گەردن گشت نەیارانت نەکەم چی بکەم
تەم ومەینەت، سوپای نەگبەت، تەنی ئاسمانی ئاخی کورد
لەبەر بێوازی من تەرکی دیارانت نەکەم چیبکەم
ژیان و ئەرکی ناخۆشی لەسەر خەڵکی هەژاری کورد
بڕیویە جەرگ و دڵ شین بۆ هەژارانت نەکەم چی بکەم
هەتا ئەم نیشتمانەی من لە دەس داگیرکەرانایە
پەنا بۆ شاخ نەبەم ڕوو لە هەوارانت نەکەم چی بکەم
لەب ۆ ڕزگاری گەل هەر کەس، نەچێتە ڕیزی تێکۆشان

**تف و لەعنەت لەوان بێ بەند و بارانت نەکەم چی بکەم**
**لە چین وتوێژەکانی کورد ئەخوازم بێن و یەک بگرن**
**بە هێزێکی وەها ڕاوی جەبارانت نەکەم چی بکەم**
**هیوادارم کوڕانی گەل هەموو بۆ تۆڵە تێکۆشن**
**تەمەنناى هێرشی شێری شکارانت نەکەم چی بکەم**
**هەڵۆی دوندی چیای بەرز و پڵنگی شاخ و پێدەشتن**
**ئەگەر سەیری گوڕەی شاخ و بنارانت نەکەم چی بکەم**
**وەرن هەڵمەت بەرین تێکڕا هەموو بۆ تۆڵە یەک چاری**
**قەلاچۆی دژ لە کوێستان و لە ئارانت نەکەم چی بکەم**
**وەها هەوری چەفا باڵی بە سەر ئەم خاکەدا کێشا**
**لە بەر وێرانی ژینگە ڕوو لە غارانت نەکەم چی بکەم**
**دەروون پڕ ژانە بۆ ژینی گەلی کوردی ستەم لێ چوو**
**لەبەر دڵتەنگی مەیلی سەر نزارانت نەکەم چی بکەم**
**گڕ و تینم هەموو ژینم لە پێناو خەڵکی کوردستان**
**ئەگەر من دانەنێم خزمەت بە یارانت ئەکەم چی بکەم**
**خەیاڵ و بیری ڕزگاری کە دای لە مێشک و دڵ (ئارام)**
**لەگەڵ گۆڕی کوڕان ڕوو لە حەشارانت نەکەم چی بکەم**

## ٤٦- نوونه

## كێشی شیعر (هەزەج)

**لە گفتــوگـۆی شەوی دوێنـێ حەبیبم دابڕا چی بکەم؟**
**شەرارەی ئـاتـەشی فیـرقەت لـە سینەم هەڵگڕا چی بکەم؟**

**وتـی من لات ئەڕۆم و شەمعی ڕوم خامۆش ئەکەم من وتم**
**دڵەی پەروانـەکەی من گەر لە دەورت هەڵسووڕا چی بکەم؟**

**تەمـاشـاکـەن چلۆن دەشت و دەرم گـرتـۆتـە بـەر یـاران**
**وەکو مەجنوون سەرم بــۆ حەبلی لەیلا داخـڕا چی بکەم؟**

**لە زیـنـدانـی دڵا ئـــەو دولـبــەرم کـۆت کـــردووە نـەڕوا**

ئەگەر وەک بولبولێ دەرچوو لە دەسم و هەڵفڕا چی بکەم؟

ئەڵێن جانانە تەشریفی بەرەو لای ئێمە دێ قوربان
لە خۆشی وەسڵی گەر ئارام و سەبرم لێ بڕا چی بکەم؟

کە سەیری کردەوی خۆم کرد وتم یارەب سییا چارم
هەموو کات خۆم نەگەوزێنم لە ناو خاک و قوڕا چی بکەم؟

هەتا هەم شاکرم بەو نیعمەتەی خودا کە پێی داوم
ئەگەر ڕازی نەبم خەڵقە ، لە نێو بەرگی شڕا چی بکەم؟

سڕی عیشقم بە دڵ پاراستبوو ئابڕووم نەچێ (نوونە)
بە بەدناوی کە ناوی من لە دنیادا زڕا چی بکەم؟

٤٧- شوانە ئەحمەد
سەرچاوە: ٤٤٤ شەو

بەبێ بەهاری ڕووت، من لەنێو گوڵ چ بکەم
هەر تۆ دڵی منی، من بەبێ دڵ چ بکەم
عەشقی تۆ لە دڵما هێلانەی کردووە
وەک مەلێکی باڵشکاو، لەسەر چڵ چ بکەم

## ٤٨- ئاسۆ
## بێزاریی

که گەل ڕۆیی بەرەودواوە، لەگەڵ پاتۆڵ قوڵان چ بکەم؟
نەما کاروانسەرای خۆشیی، لەگەڵ مردوودڵان چ بکەم
ئەوا ڕاوچی لە سیپەیدان، لە نێو پۆڕی شڵان چ بکەم؟
بە دڵ دڵداریێ نابینم، لە شاری بێ دڵان، چ بکەم
گوڵت تێدا نییە ئەی باخ، لە قومری سەر چڵان چ بکەم

خەمی نان و تەمی بیرە و لەهەر لایێ شەڕی ئاوە
ئەوەی هۆی شادمانی بێ فەقەت هەر نێوەکەی ماوە
شەقامی پاکی دڵداری، خەیابانی تەڵە و داوە

چەمەن پاراوی خوێناوە، چناریش بەژنی چەمیاوە
نەڕۆم لەم شارەوێرانە؟ ئەدی ئەهلی دڵان، چ بکەم؟

بەوەڵڵاهی درۆ ناکەم، بڵێم من خەڵکی هیچ کوێ نیم
لە شاری خۆم غەریب ماوم، دەلەرزم عەینی داری بیم
نەکەس ناسیمی ئەو جۆرە، نەکەس پرسی ئەرێ من چیم؟
غەریبم دەچمە هەر شوێنێ، دەڵێی خەڵکی وڵاتێ دیم
کەسم لێ بوونە بێگانە، لە هاوڕێیی فڵان، چ بکەم؟

نە هەنگوین، شیرنیی ماوە، نە پێکی بادەکەش تاڵیی
سەرم پڕ شۆر و دڵ پڕ تین، پیاڵەی نەشئەکەم خاڵی
نە شیعرێکیش دەبیستم گەر بدا بۆنی قسەی نالی
لەهەر کووچەی ڕەگی شارا، دەچۆڕێ خوێنی خۆماڵی
دڵی شاریش بەدەست خەڵکە، لە شاری غافڵان چ بکەم

دەبێ بۆ کاکی مزگەوتیم، ئەوەندە سارد و بێ تین بێ
لە مۆسیقە و لە ئایینی کەسانی دیکە پڕ قین بێ
هەتاکەی قیبلەی ئەم خەڵکە پەڕۆی سوور و ڕەش و شین بێ
دەڕۆم ئەم خاکە پیرۆزە هەزاران هێندە شیرین بێ
مڵەی تێدایە ئاخر من لەنێو خاکی مڵان چ بکەم

خەمی من کوا خەمی فارس و عەرەب یا ئەجنەبی و تورکە
هەتاکوو ئاو هەبێ هاوڕێ! ئەتۆ کەم ڕوو لە ئاور کە
خەمی نالێکیی ئەم خەڵکە لە شیعرا ژانە هەم برکە
ئەمن هەر بیستبووم سالان ئەگەر ئاسک سڵ و سرکە

لە سێبەر ڕەودەکەن یاران، لەنێو کۆڕی سڵان چ بکەم

برا لێک بوونە دژکار و نەما واژەی برا و خاڵە
بەجێی سۆزی دڵی ئاشق، بە ئاخ سەودا دەکەن، ناڵە
ئەبێ حاڵی دڵم چۆن بێ لەنێو ئەم حاڵە بێ حاڵە
منێ گۆزەی دڵم دایم لە بۆتەی عیشقدا قاڵە
لەنێو خاوانی دڵ کاڵی نەدیوی نێو کڵان چ بکەم

بەجێی ئاشتی لە شار و کێو شەڕی شار و هەرای شاخە
ئەوەی لەو نێوەدا ماوە، بەشێ حەسرەت، بەشێ داخە
لەداخی ئەم شەڕە بێ هۆیە سەهمم حەسرەت و ئاخە
بڕۆ سوارە! عەمەدرێژبی! -کەنەشبووی- ئێرە کەی باخە؟
کە شەوبۆ بۆنی خۆی نادا، لە بۆنی کاگڵان چ بکەم؟

وەهایە تان و پۆی دنیا، دەمێ شینە و دەمێ شایی
بەکار چی دێ مەقامی عاریەت ئاغابی یا شایی
دەکەم شانازی بەو ناوەی دەمێنێ تا دەمی دوایی
وەڕەز بوو ڕۆحی ئاسۆکەت، ئەوەندە قومری ئاسایی
لەسەر پەلکی گوڵان ناڵی، لە ناڵەی سەرچڵان چ بکەم؟

کەلار ٢. ١١. ٢٠٠٤
ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

## ٤٩- ئاسۆ٢
## شاری دەمبەسراوان

لە شارێکا هەموو شەخسێ دەمی بەسراوە من چ بکەم
ئەوەش هۆی ناسیاوی بێ دەمە و چاوە ئەمن چ بکەم

ئەگەر زەحاکی ماراوی لە مەغزی لاوەکان بخوا و
بەرەڵبێنەی بە ئالایێ نەکا کاوە؟ ئەمن چ بکەم؟

ئەگەر بێ و پێکەنین قاچاخ کرێ و دڵدارەکان بەندی
لە شادی و خۆشی دەسکرد و مەی و قاوە ئەمن چ بکەم

بەلەعنەت بێ ئەوەی خوێنی شەهیدی دا بەنانی خۆی
نەما شادی و غەمیش هەروا بەلێشاوە ئەمن  چ بکەم

هەموو قامیشەکانی شاری ئەهواز تینوە لێویان
لەخاکماندا نییە نان و شەڕی ئاوە ئەمن چ بکەم

لەمێژە خاکی من هاواری ئازادی  دەکا هاوڕێ
شەڕی عالەم دەکا کورد و بەجێش ماوە،  ئەمن چ بکەم

ئەگەر گەل داوتێ سازکا نەڵێی پیرم لە کۆلی دە
بتریست و نەچیتە لای دەسی شاوە؟ ئەمن چ بکەم

خەیاڵی خاوە نووری خۆری بگرێ هەوری بێ مایە
ئەگەر ئاسۆ لەسەر پەیمانەکەی ماوە؟! ئەمن چ بکەم

ئاسۆ

بۆکان    ٤ . ٥  . ١٤٠٠

## ٥٠- ئاسۆ ٣
## بارانی هاوین

له گرمەی هەوری بارانڕێژ  له هاویندا خودا چ بکەم؟
بەقای بۆ کێ بووە دونیا؟ له یاری بێ بەقا چ بکەم؟

له مێژووی کوردی بەدبەختا نەپاشا بوو نە دەرباری
ڕەقیب یارەببی ڕووی ڕەش بێ! له کاخی شیعرییا چ بکەم

دەمم شل بوو ئەوەندەم زەمبی شیعری شەل، بەڕەسمی کرد
له عەسرێکا کە بێ فەرقە کەنارە و بۆرییا چ بکەم

بەڵێ ژین خۆشە یەکسان بێ بەڵام کوا بۆ هونەر وایە؟
لە عەسرێکدا کە یەکسان بێ قسەی شاهـ و گەدا چ بکەم؟

منم ئەو شاعیرە ڕیندەی کە پاشای شیعری دڵداریم
حەیاناکەن حەسوودانم، لەشەخسی بێ حەیا چ بکەم؟

گەلێ هەن دژبەرن حەتتا کە ماهوارەش وە عاسمان خەی
منی عەرزی نشین ئیدی لە ئەستێرەی حەوا چ بکەم؟

بەلەعنەت بن ئەوانەی وا لەپاکی ڕەو دەکەن بێ خود
لەسەر سەفحەی مەجازیدا لە زوڵمی بێ خودا چ بکەم؟

ئەوەی وا تاڵ دەنۆشێ و شیرن ئەدوێ پاکی هاوڕێمن
لەوەی ڕیشەی لەژێر داری درۆ دا داکوتا چ بکەم

زەمان خۆی حاکمێ چاکە هەزاران ڕازی دەرخستوون
زەمان تا داوەری من بێ لە حوکمی ئەشقیا چ بکەم

سەرێ سەودای ئەوینی تیانەبێ هەر دژ بە ئاسۆیە
لە قەومی پووچ و بێکارە و هەواداری ڕیا چ بکەم

ئاسۆ
بۆکان پوشپەڕی ٩٩

## ٥١- ئاسۆ ٤

### چ بکەم

که تۆ ڕۆیشتی جێت هێشتم، ئەمن هەر شین نەکەم چبکەم؟
له ڕووی تاڵەی ڕەشم نامەی عەمەل ڕەنگین نەکەم چبکەم؟

ئەوەندە کاڵ و منداڵی ئەوینی تۆم لە پەنجادا
لەحوجرەی عەشقتا ئەمشە و کەمێ تەمرین نەکەم چبکەم؟

بە دڵتەنگی لە فرمێسکم دروس کەم جەوهەرێ ڕۆشن
لە نووسینی بە دووڕەنگی، ئەمن نەفرین نەکەم چبکەم

قەڵەم ڕەنگینەکان ئەمڕۆ دەمێ سوور و دەمێ شینن
لە داخی وان ئەگەر تەرکی خەت و نووسین نەکەم چبکەم؟

گەزیزەم کەوتە بەر سەرمای چلەی بێ ڕەحمی زستانی
ئەگەر شینی شنەی شەوبۆ و گوڵ و نەسرین نەکەم چبکەم؟

بەهارە و تازە کوێستانی سەرم خاڵخاڵی ناچێتۆ
لە داخی پایزی پیری، پەلەی هاوین نەکەم چبکەم؟

هەتا خوێن نەڕژێ لەم خاکە وڵامی ویستی کەس نادەن
بە فرمێسکی چەمی خوێنم وشەم خوێنین نەکەم چبکەم؟

گوڵی سوورم لە بەر تۆیە، ئەمن فەرهادی دەورانم
بەچێژی ئەشقی ئەم خاکە، وتەم شیرین نەکەم چبکەم؟

فیدای ئەو خاکە بێ ئاسۆ کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من
دڵم بۆ عشقی ئەم زێدە ئەگەر پڕ تین نەکەم چبکەم؟

محەممەد سەعید نەجاڕی
ئاسۆ
٩٢ بۆکان

## ٥٢- ئاسۆ ٥

## باغی بێ گوڵ

بە دڵ دڵدارێ نابینی، لە شاری بێ دڵان چبکەم؟
گوڵت تێدا نییە ئەی باخ! لە باخی بێ گوڵان چبکەم

چەمەن پاراوی خوێناوە و چناریش بەژنی چەمیاوە
نەڕۆم لەم شارە وێرانە ئەدی ئەهلی دڵان چبکەم؟

غەریبم، دەچمە هەر شوێنێ دەڵێی خەڵکی وڵاتی دیم
کەسم لێ بوونە بێگانە، لە هاوڕێ یی فڵان چبکەم؟

له هەر کووچەی ڕەگی شارا دەچۆڕێ خوێنی خۆماڵی
دڵی شاریش بە دەس خەڵکە، لە شاری غافڵان چبکەم؟

ئەمن هەر بیستبووم جاران کە ئاسک وا سڵ و سرکە
لە سێبەر ڕەو دەکەن یاران، لە نێو کۆڕی سڵان چبکەم؟

دەڕۆم ئەم خاکە پیرۆزە هەزاران هێندە شیرین بێ
مڵەی تێدایە،ئاخر من لە نێو خاکی مڵان چبکەم؟

منی گۆزەی دڵم دایم لە بۆتەی عیشقدا قاڵە
لە نێو خاوانی دڵ کاڵی،نەدیوی نێو کڵان چبکەم؟

بڕۆ سوارە عەمەدرێژبی-کە نەشبووی-ئێرە کەی باخە؟
کە شەوبۆ بۆنی خۆی نادا، لە بۆنی کاگڵان چبکەم؟

وەڕەز بوو ڕۆحی ئاسۆکەت ئەوەندە قومری ئاسایی
لە سەر پەلکی گوڵان ناڵی،لە ناڵەی سەرچڵان چبکەم؟

## چيبكەم؟

که باسی کێو و شاخ و خاکی کوردستان نەکەم چیبکەم؟
له پاسی زولفی پڕ لوول و قەدی باریک ئەمن چیبکەم؟
که پێشمەرگەی دلێری کورد بە غار هاتن بە دەستوبرد
له بۆ ڕزگاری هۆزی کورد، ئەمن یارمەت نەدەم چیبکەم؟
له زوڵمی زۆڵی مام قاسم، لەبەر غەدری ئەبو جاسم
له داخی جاشکی پا سم، ئەگەر شۆڕش نەکەم چیبکەم؟
که سەگ ڕۆیی بەراز بێتن، له بۆ کوردان وەکوو پێکن
له بەینی ئەم دوو داعبایە، که باسی خۆم نەکەم چیبکەم؟
بە من گەر ڕەمەزانە، و یا تەمووزی جارانە
که هەردووکی دژی کورد بێ، که من غەوغا نەکەم چیبکەم؟
له سایەی مستەفای بارزان، له تێکۆشی گەلی کوردان
کەوا نێزیکە ئاواتمان، ئەمن شایی نەکەم چیبکەم؟
زەنوون پیاوێکە بێچارە، بەبێ ڕەشاش و غەددارە
گیرفان خاڵی هەم لە پارە، کە بەیتۆکان ئەڵێم چیبکەم؟

**کۆتایی نییە... ماوییەتی**